# تەوفیق وەهبی

# ئاسەواری میترایەتی

لە «هەترا» و کوردستانی عیراق و
هەروەها شۆپی وی لە ئێزدایەتیدا:
ئێزدی دێوپەرست نین

Taufiq Wahby

The Remnants of Mithraism in Hatra and Iraqi Kurdistan, and Its Traces in Yazidism: The Yazīdīs are Not Devil-worshippers.

Published by T. Wahby, 7 Ferry Rd. S.W.13 and printed by Eveleigh Printing, 46-52 Church Rd. S.W.13

1962

تەوفیق وەهبی

ئاسەواری میترایەتی لە «هەترا» و کوردستانی عیراق و هەروەها شۆپی وی لە ئێزدایەتیدا: ئێزدی دێوپەرست نین.

بریتانیا 1962

تەرجەمەی لە ئینگلیزییەوە: دەروون ئەحمەد، ڕانیە، کوردستان 2018

تەوفیق وەهبی دانەری «دەستووری زمانی کوردی» (30-1929) یە، کە یەکەم بەرهەمی سیستەماتیکە دەربارەی ڕێزمانی کوردی. ئەو بەرهەمە، لە تەک تۆژینەوە و بڵاوکراوەی دیکەی نووسەردا، بوونەتە سەرچاوەی گشت تۆژینەوەکانی دیکەی پاشان دەربارەی شێوەزاری سولەیمانی پەیدابوون.

سوپاس بۆ کاک ئەنوەر قەرەداغی کە نموونەیەکی ئەم تۆژینەوە نایابەی کردە دیاری بۆ کتێبخانەکەی «کۆمەک».

سوپاس بۆ خاتوو دەروون ئەحمەد ئەرکی تەرجەمەکردنی ئەم بەرهەمەی گرتە ئەستۆ.

سەرچاوە: TW_Mithraism_eng.pdf (komak.nu)

ئەم بەرهەمە بە ئەلفبێی لاتینی: https://komak.nu/B21/pdf/TW_Mithaism_B21.pdf

ئامانج لەم بەرهەمە بریتیە لە بڵاوکردنەوەی ئەو دۆزەوەی خۆم، کە ساڵی 1954 بۆ یەکەم جار ئاسەواری میترایەتی پێشان دا لەسەر پەیکەر و تابلۆکانی کە لە «هەترا» (حضر) ی باشووری ڕۆژئاوای مووسڵ دۆزرانەوە. هەروەها بۆ پێشاندانی شۆپ [شۆپ: شوێنپێ، نیشانە trace] میترایەتییە لە دینی ئێزدایەتی و پاشان ڕوونکردنەوەی بەڵگە دابڕەکانی خۆمە کە پێشانی دەدات ئێزدایەتی ناکاتەوە دێوپەرستی (شەیتانپەرستی).

جگە لەوە، ئەم بەرهەمە بەڵگە پێشان دەدات دەربارەی بوونی شۆپی میترایەتی لە نێوان ڕوباری دیجلە و شاخەکانی زاگرۆس، کورتەباسێکە دەربارەی دینی کورد تاوەکوو پەیدابوونی ئیسلام و چەند سەرنجێک دەربارەی ڕێبازی باتینی (باطني).

**کورتکراوەکان**

| | |
|---|---|
| AHY. | عبد الرزاق الحسني، اليزيديون في حاضرهم وماضيهم. |
| CLO. | Franz Cumont, Las religiones orientales |
| CMM. | Franz Cumont, The Mysteries of Mithra |
| CTMM. | Franz Cumont, Textes et monuments figurés relatifs aux mystères de Mithra, 2 Vols. |
| DPA. | R. S. Drower, Peacock Angel |
| EWTM. | Esma Wynne-Tyson, Mithras The Fellow in the Cap. |
| FBI. | Fasl Dar Bayan i Shinakht i Imam; ed. by W. Ivanow. |
| GRN. | Gushayish wa Rahayish; ed. by Dr. S. Nafisi. |
| HBI. | Haft Bab of Abu Ishaq; ed. by W. Ivanow. |
| IY. | إسماعيل بك جول، اليزيدية قديما وحديثا. |
| PJI. | Pandiyyat i Jawanmardi; ed by W. Ivanow. |
| PSM. | O. H. Parry, Six months in a Syrian Monastery. |
| SDY. | صديق الدملوجي، اليزيدية. |
| TWK. | Taufiq Wahby A Kayanian Castle north of Sulaimani (reprinted from monthly Al-Kitab, Baghdad 1958). |
| ZDZ. | R. C. Zaehner, The Dawn and Twilight of Zoroastrianism. |
| ZZD. | R. C. Zaehner, Zurvan: A Zoroastrian Dilemma. |

**پێڕست**


دەستپێک......................................................................................................................................6

پاژی یەکەم: شۆپی میترایەتی لە ئێزدایەتیدا ....................................................................15

پاژی دووهەم: شۆپی میترایەتی لە خوداناسیی ئێزدیدا.........................................................18

پاژی سێهەم: شۆپی میترایەتی لە هەندێک ڕێوڕەسمی ئێزدیدا.................................................20

پاژی چوارەم: شۆپی میترایەتی لە هەندێک هێما و نەرێتی ئێزدایەتیدا........................................27

پاژی پێنجەم: ئێزدی دێو ناپەرستن...........................................................................31

## دەستپێک

### ناوی «ئێزدی»

شێخ «ئادی بن موسافیر – عاد بن مسافر» کە دەوروبەری 1154 مردووە، دامەزرێنەری ڕێچکەی «ئادی» یە، کە ئەمڕۆ بە سێکتی «ئێزدی» ناسراون. چ بەڵگەش پەیدا نییە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بیردۆزەیەی دەڵێت پەیدابوونی ئەم ناوزەدکردنە دەگەڕێتەوە بۆ سوودمەندبوون لە ناوی «یەزید بن موعاوییە – یزید بن معاوية». بەرانبەر ئەوەش بەڵگەی جێباوەڕ هەن پشتیوانی لەو بیردۆزەیە دەکەن، لە ڕاستیشدا، لای زۆربەی توێژەرانی ئەم بوارە، جێکەوتووە. بەڵام سەرچاوەی دێوپەرستیی ئێزدیگەل، هەردەم مایەی ناکۆکی بووە لە نێو توێژەراندا.

### هەڵەی توێژەران

سالانێکی زۆرە توێژەران خەریکی پەیدۆزین بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی دێوپەرستایەتیی نێو ئێزدییان. بەڵام چ خۆیان خەریک نەکردووە بە دۆزینەوەی بەڵگەی سەلماندن یان ڕەتکردنەوەی ئەم دێوپەرستییە. لە ڕاستیشدا ئەم توێژەرانە نێوتۆژانە (ژێرلێوانە)، بێ ئەوەی چ بەڵگەی دابڕ هەبێت، ئەم بۆچوونەیان وەک ڕاستینە سەلماندووە و کۆشانی خۆیان سنووردار کردووە بە دۆزینەوەی شوێنی لەدایکبوونی دێوپەرستی و بۆ ئەم مەبەستەش کتێبی بێشومار هاتۆتە نووسین.

هەندێک توێژەر بڕوایان وایە کە دێوپەرستیی نێو ئێزدایەتی پاشماوەی پەرستنی «ئەهریمەن» ـە. ئەو ئەهریمەنەی گۆیا دێوی ئێرانییە و لە زەردەشتایەتیدا سەری هەڵداوە بەڵام دژەزەردەشتایەتی بووە. هەن براوایان وایە ئەم دێوپەرستییەی ئێزدایەتی لە سەردەمی ئیسلامیدا پەیدا بووە، لە ئەنجامی وتەی هەندێک لە گەورە سۆفی و فەیلەسووفانی بەغداد. بیردۆزەش هەیە دەڵێت ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی «شێخ ئادی» نەفرەتکردنی ڕێبەست کردووە.

من، زووتر لە وانە و گوتارەکانمدا، دەمگوت دێوپەرستی ئێزدیگەل تەنها پاشماوەی ئەهریمەنپەرستییە کە ئەمیش بەرهەمی زەردەشتایەتی نییە، بەڵکوو لە ئێران بە نهێنی و دژ بە زەردەشتایەتی کە دینی فەرمیی ئێران بووە هەتا کەوتە دەست ئیسلام، بە ناوی زەردەشتایەتییەوە، پەیڕەوی کراوە.

### بەستەرێکی گونجاو لە نێوان ئێزدایەتی و میترایەتیدا

ئەوە بۆچوونی من بوو دەربارەی سەرچاوەی دێوپەرستیی ئێزدی تاوەکوو دیدارێکی بەڕێز «فوئاد سەفەر» کە بەرپرسی پشکنین بوو لە «هەترا» و پاش یەکەم ساڵی هەڵکۆڵینی هەترا هاتە سەرەدانم. فوئاد وێنەی دوو پەیکەری پیشان دام لە «هەترا» دۆزرابوونەوە. بەدەم تەماشای فۆتۆکان من پێیم گوت ئەمیان بە وێنەی میترا، خودای خۆر، دەچێت و ئەوەی دیکەیان وێنەی ئەو «ئەژدەهاک»ـەیە فارسەکان لە نووسیارە کۆنەکانی شانامەدا باسی دەکەن.

لەوێدا سەرەتای ئەو بیرۆکەیەم لا پەیدا بوو کە دەشێت ئەم دوو پەیکەرە ئاسەواری میترایەتی بن کە دوور نییە لە هەترا پەیڕەو کرابێت. دەشمزانی لە میترایەتیدا ئەهریمەن، دێو، دەپەرسترا. کاتێک پاشماوەکان لە هەترا گوێزرانەوە بۆ مۆزەخانەی شوێنەوارناسی (ئارکیۆلۆگی) ی بەغداد، بەیارمەتی کارەکانی Cumont، دەرفەتم بۆ ڕەخسا زۆربەی ئەو ئاسەوارانە بە میترایی دیاری بکەم. لاشم ئاشکرا بوو کە ئەو پەیکەرەی چواندبووم بە «ئەژدەهاک»، لە ڕاستیدا، «ئەهریمەن» بوو.

دەرئەنجامی ئەو تۆژینەوانە هاتمە سەر ئەو بڕیارەی شێوازێکی میترایەتی لە ڕاستیدا لە هەترا پەیڕەو کراوە و ئێزدایەتیش پەیوەستی میترایەتی بووە.

ئەوجا لەبەر ئەوەی من لەم گوتارەدا ئێزدایەتی و میترایەتی بەراورد دەکەم، پێم وایە کورتەباسێک دەربارەی «میترا»ی خوداوەند و پەیدابوونی «میترایەتی» بەسوود بێت.

## میترا

خودای مەزن «میترا» یەکێکە لەو خوداوەندانەی هیندوو-ئێرانییەکان لە نیشتیمانی دێرینی خۆیان دەیانپەرستن و پاشانیش بووە یاوەریان بەدەم کۆچی وەڵاتانەوە. ئەم خودایە لە کۆنترین کتێبی دینیی هیندوو «ڕیگ ڤەیدا Rig-Veda» بە «میترا Mitra» و لە ئاڤێستاشدا بە «میترا Mithra» ناوی هاتووە. میترا خودای ڕووناکی بووە، پارێزەری ڕاستی و دوژمنی درۆ و چەوتی بووە.[1]

میترا لە ئاڤێستادا فەرمان دەدات بە سزادانی ئەو کەسانەی بە درۆ سوێند دەخۆن و ئەوانەی لە ڕاستی و دروستی لا دەدەن، بە لەناوبردنی هەموو ئەو هۆز و خەڵکانەی دژایەیی ئەم دەکەن، بەخشینی سۆز، مێهر و تەنسازی بۆ پەیڕەوان و پەسنبێژان [پەسن praise] و یاوەرانی بەهێزی خۆتەرخانکردوو.[2]

میترا یەکێکە لەو خودایانەی، وێڕای ڕەتکردنەوەیان لەلایەن زەردەشتەوە، پەرستنیان لە ئێران هەر بەردەوام بوو. لە ئێران، لە سەدەی یەکەمی پێش زایینەوە، وشەی میترا گۆڕاوە بۆ «مێهر» و مێهر بووە خودای خۆر و پەیمان. لە سەردەمی ئیسلامیشدا مێهر وەک ناوی خۆر و هێمای مێهرەبانی و دڵسۆزی مایەوە.

## پەیدابوونی میترایەتی

وەک دەرئەنجامێک لە پێکهاتنی کەشیشانی ئێران و بابل، پاش داگیرکردنی بابل لە لایەن «کۆرشی مەزن»ـەوە 539 پێش زایین، کەشیشانی ئێران بیرۆکەی «زەرڤان Zurvan» «خودای کات»—یان سەلماند کە دەبێتە باوکی دوانەکەی گاتا Gatha، سپێنتا مەینوو Spenta Mainyu (گیانی پیرۆز — گیانی ڕۆشنا) و ئەنگرا مەینوو Angra Mainyu (گیانی شێوێن — گیانی تاریک) پاش ئەوەی سپێنتا مەینوو زووتر بە «ئاهورا مەزدا» دیاری کرابوو. بەم جۆرە خوداوەندی ئەو دوو فەرهەنگە وێکچووێنران و ئەستێرەپەرستیی «سامی»یەکان لە نێو خوداوەندە سروشتییەکانی ئێرانیدا توێنرانەوە. لە نێو ئەم لێکچوواندن و توانەوەیەدا «شەمس» یاخود «شەماش»ی

1- CMM, 1-2.
2- Ibid 3-4.

خوداوەندیش بووە میترا. میترا لەو دوو دینەدا بووە خودای دادپەروەری و ڕاستی، ڕووناکیی ئاسمان، بەخشەندەی هێز و سەرکەوتن بە جەنگاوەران و پارێزەرانی شاکان.[3]

ئەوجا موغەکان کەوتوونەتە بڵاوکردنەوەی ئەم دینە نوێیەی «زەرڤانەتی Zurvanism» لە میزۆپۆتامیا و لە نێو کوردانی شاخنشینی ئەو دەم پەیوەست بە دین و نەریتیی هیندوو-ئێرانییەکانەوە. پاشان ڕووەو ڕۆژاوا کەوتوونەتە کۆشان و سەدەی پێنجی پێش زایین چەندین بنگەی «زەرڤانەتی»یان لە ئاناتۆلیا دامەزراندووە.

لەم زەرڤانەتییەدا هەردوو خوداوەند: ئاهورا مەزدا Ahura Mazda -ی خودای ژیری (دواتر بە -Ayhrmazd Ohrmazd ناوزەد کرا) و ئەنگرا مەینوو Angra Mainyu ی گیانی شێوێن و خودای بەدکاری (شەیتان) (دواتر بە ئەهریمەن Ahriman ناوزەد کرا) پەرستراون. میترای لای هیندوو-ئێرانیان خودای ڕووناکی بوو، لەم زەرڤانەتییەدا پێگەی سەنگینی پەیدا کرد و بووە خودای ڕزگاری، بووە نێوەندی مەیدانی ئەفسانەی خوداوەندان.

میترا، گەرچی پێگەی باڵای لە نێو ڕیزبەندیی خوداکاندا نەبوو، بەڵام بەهۆی کارە سەرسوڕهێنەکانییەوە ناوی بەسترایەوە بە ئەفسانە فارسییەکانی لە ڕۆژاوا برەویان پەیدا کرد.[4]

پاش هاتنی ماکادۆنییەکان، ساڵی 331 پێش زایین، ئەوجا وێکچوواندنی خوداوەندەکانی ئێران و یۆنان دەستپێکرد. زەرڤان و کرۆنۆس Kronos، ئاهورا مەزدا و زیوس Zeus، پاڵەوانی سەرکەوتن وەرەثرەگنە (وەرەهران - بەهرام) Verethragna و هێراکولس Heracles، خوداوەند ئەناهیتا Anāhitā و ئارتەمس Artemis و میترای کە لە بابل بە «شەمس» دەپەرسترا، ئەمجا بە هێلیۆس Helios وێکچوێندرا.[5]

بەم چەشنە میترایەتی دەرئەنجامی تێهەڵکێشکردنی دینی زەرڤانی و باوەڕی گریکە.[6]

Cumont دەڵێت:

> «بنچینەی ئەم دینە، بنەما سەرەتا و بەراییەکانی ئەم دینە بیروباوەڕی ئێرانی دێرینە کە بوونەتە سەرچاوەی وی. لە بان ئەو بناخە «مەزدای»یەوە تۆژاڵێک لە باوەڕی «سامی»یانەی بابل جێی گرت. *دواتر بیروباوەڕی گەلانی ئاناتۆلیایشی هاتە سەر. لە کۆتادا، مێرگێکی تەژی لە باوەڕی هێلینی Hellenic لەم خاکە بەپیتەدا گەشایەوە، چڵەپۆیان کرد و بەشێک لە بنەما ڕاستینەکانی ئەم دینەیان ڕووپۆش کرد».*[7]

پاشان لە باسی پەیوەندیی نێوان میترایەتی و ئێزدایەتیدا، پتر لە میترایەتی دەدوێم، بەڵام لێرەدا پێویستە چەند وشەیەک بڵێم. میترایەتی شێوازێکی «زەرڤانەتی» بوو کە «میترا»ی خودای خۆر و «ئەنگرا مەینوو»ی خودای بەدکاری، کە شەیتانە، تێدا پەرستراون. جڤینەکانیان نهێنی بووە و سەلماندنی ئەندامەتییان بە ڕێوڕەسمی دژواردا تێپەڕیوە.

---

[3]- Ibid, 10; and CLO. 229.
[4]- CMM, 127-140.
[5]- Ibid 20, 22.
[6]- Ibid 20-24, CTMM. Vol 1, 7.
[7]- Ibid 30-31.

میترایەتی دینی سوپا بووە و سوپای ڕۆمانی ڕووی لە هەر کوێیەک کردووە دینەکەشیان لە گەڵ خۆیاندا بردوە. پاشان لە سەدەی چوارەمی زایینیدا بەهۆی گەشەی مەسیحایەتییەوە، ئەم دینە کۆتای هات.[8]

**شێوەی میترایەتی لە هەترا**

ئەو میترایەتییەی لە هەترا پەیڕەو کراوە هەمان ئەو دینی میترایەتییە نەبووە کە لە ڕۆما پەیڕەو کراوە و گەڕابێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات، ئەمیان زۆر کۆنتر بووە لەوەی ڕۆما. ئەو زەرڤانەتییە بووە لە دەورانی ئەشکان (پارت) ـدا، پێش ئەوەی بەرەو ڕۆما لە دەریای ناوەڕاست بپەڕێتەوە و پەیوەندیی نێوان هەردووکیان، بێگومان پاشان، بووە. پۆشاکی خوداکانی هەترا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانی هەرچەندە هەموو پەیکەرەکان کاری هونەرماندانی گریک بوون.

**دوو ڕێچکە دێوپەرستی**

- دێوپەرستی وەک دینێکی جودا لە ئێراندا بە نهێنی پەیڕەو کراوە و پاشان لە سەردەمی زەردەشتایەتیشدا هەتا هاتنی ئیسلام بەردەوام بووە.[9]

بناخەی ئەم دێوپەرستییە دەگەڕێتەوە بۆ پەرستنی دێوودرنج، جادووبازی و گومان لە پاداشت و سزا.[10]

- دێوپەرستی لە میترایەتیدا کە زووتر باسی هات.

پەیڕەوانی میترایەتی وێرد و نزای تایبەتیان هەبووە بۆ دەستاژۆکردنی دێوەکان بە مەبەستی بەکارهێنانیان دژ بە دوژمن بە هیوای لەناوبردیان.[11]

میترایەتی بڕوای بە نەمریی ڕوح، بە ڕۆژی دادپرسیی کۆتا، بە زیندووبوونەوەی مردوان بووە دوای گڕتێبەربوونی کۆتای گەردوون.[12]

**شۆپی جادوو لە هەترا**

ئەفسانەیەک هەیە دەڵێت جادوو لە هەترادا پەیڕەو دەکرا. ئەم چیرۆکە، «یاقوتي» لە «معجم البلدان» ـدا، دەیگێڕێتەوە گۆیا هۆکاری کەوتنی هەترا لەسەر دەستی شاپوری یەکەم، ساڵی 241 زایینی، جادوو بووە.[13]

---

8- CMM, 203.
9- ZZD, 15.
10- Ibid 14, 35.
11- CMM, 14.
12- Ibid, 191.
13- ZZD, 37.

## پەیکەری میترایی لە هەترا

پەیکەرە میتراییەکان بەرهەمی ئەو هونەرمەندانەی گریک بووە کە توانیویانە خوداوەندە ئێرانییەکان بە ناوە یۆنانییەکانیانەوە بناسن و ئەو ڕواڵەتەیان بدەنێ کە بە بۆچوونی خۆیان گونجاو بووە لەتەک دیدیان بۆ باوەڕی گریکیانەی خۆیان.[14]

گۆڤاری *The Illustrated London News* فۆتۆی پەیکەرەکانی هەترای بڵاوکردەوە. بە مەبەستی ئاسانکاری، من لێرەدا خشتەیەک پێشان دەدەم بە بەرواری دەرچوونی گۆڤارەکان کە فۆتۆکانیان پەخش کردووە و پۆلێنژمارە (ژمارەی پۆلێن) ی فۆتۆکان تەک پێشنیازی خۆم بۆ دیاریکردنی ناوە ئێرانی و گریکییەکانیان.

**November the seventeenth 1951:**

- No. 7 Manh the Iranian Moon god. The Greek Selene.
- No. 3 The same in its three phases. New, full and waning.
- No. 8 Iranian Mihr, Greek Helios.
- No. 9 This has two images:
    a) An Eagle represents the Sky.
       (The Sky – Time-Zurvan).
    b) The Hatra-Mithraic standard on which are Sky and Mihr.
- No. 11 Ahriman – Pluto in the underworld with his wife Jeh-Hekate who is sitting far from him. She has a The Hatra-Mithraic standard in the hand.

**December the eighteenth 1954:**

- Nos. 6 & 7 Tow pictures of Zurvan – Kronos – Sky from behind and from in front.
- **December the twenty-fifth 1954:**
- No. 2 Trinity of the Moon god in the form of Athene, in its three phases.
- No. 7 A group of Mithraists in the robes of their respective ranks.
- No. 8 Zurvan – Kronos, the god of Time.
- No. 10 Ahriman – Pluto, the god of underworld.
- No. 3 Verethraghana – Heracles.

[14]- CMM, 22-23; ZDZ. 129.

**شۆپی میترایەتی لە نێوان کورددا**

## 1. دینی پێش ئیسلام لە ئێران

ئامانج لەم گوتارە تۆژینەوەیە لە شۆپی میترایەتی لە ناوچەکانی نێوان ڕوباری دیجلە و شاخەکانی زاگرۆسدا، هەروەها بەراوردکارییەکە لە نێوان ئێزدایەتی و میترایەتی. ئێزدی کوردن و بێگومان دینیان هیندوو-ئێرانی بووە و پەیوەست بوون بە زنجیرەی گەشەکردنی ئەو دینە لە ئێران هەتا سەردەمی ئیسلام.

کاتی دەرکەوتنی زەردەشت - لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پ.ز - ڕەنگە ئەم دینانەی خوارەوە لە ئێران پەیڕەو کرابن:

- دینی نەریتیی هیندوو-ئێرانی پەیڕەو دەکرا کە پەرستنی «دێو» لە پێکهاتەیدا بووە (خوداوەندی چاکە و خراپەی سروشت)، ئاهورا (خودای پشتیوانی لە ئاکار و ڕەوشتی بەرز)، هوما (نۆشاوێکی شادیهێن و خودای نەمری)، فەروهەر (فەروەشی - گیانی بابوباپیران).
- پەرستنی دێو (خودای بەدکاری) پێکەوە لەگەڵ «یاتوو»ی دێوی هیندوو-ئێرانی. جادوو پێویستییەکی بنجییە لەم دینەدا.
- پەرستنی «ئاهورا» و «باگا» ی دێوی چاکە (The Bagas of Darius I) کە بە مانای بەخشندە دێت. ناوی دێو «دێوی خەشایارشا Daiva of Xerxes» تەرخان بوو بەو خوداوەندانەی پەرستنیان قەدەخە بووە. ئەم دینە چاکسازییەک بوو لە دینە کۆنەکەدا.

چاکسازیی زەردەشت هەم لە یەکگرتنی دینە ئێرانییەکاندا شکەستی هێنا، هەم لە پاراستنی ئەو بیروباوەڕی خۆی کە بانگەشەی بۆ دەکرد. زەردەشتایەتی، لە ململانێی هەمبەر ئەو دینانەی لە سەردەمی پەیدابوونی خۆیدا لە ئارادا بوون، هەرگیز سەرکەوتو نەبوو، تەنانەت لە هەمبەر «زەرڤانەتی - زەردەشتایەتی» کە زوو پاش مردنی زەردەشت سەری هەڵدا.

بگرە بەپێچەوانەوە، ئەو یارمەتیی دێوپەرستانی دا کە خۆی بە شەیتانپەرست ناوزەدی کردبوون، بەوەی ئەنگرا مەینوو (ئەهریمەن) ی پێبەخشین وەک خودای بەدایەتی بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی درنج و دێوی سەر زەوی، میری جیهان.

وەرن هەردوو سەردەمی مەکەدۆنی و ئەشکانی جێبهێڵین کە تێیاندا فەرهەنگی ئێرانی ڕووی لە پووکانەوە بوو. دۆخی دینیی ئەو سەردەمە (پێنج سەدە و نیو) بەتەواوی لە ئێمە ڕوون نییە.

ئەو زەردەشتایەتییەی لەلایەن شا بەراییەکانی ساسانەوە بووژێنرایەوە و کرایە دینی فەرمی، هەتا هاتنی ئیسلام، ناچار بوو شەڕ دژ بە ژمارەیەک دینی لادەری ئێرانی و نائێرانی بەرپا بکات.

## 2. دۆخی دینیی کورد لە سەردەمی ساسانیدا

### ڕوومال

هەرچەندە لە نێو کورددا، بەتایبەت لە شار و گونددا، هەبوون هاتبوونە سەر باوەڕی زەردەشتایەتی و هەبوون باوەڕیان هێنابوو بە پروپاگەندەی مژدەدەرانی دینە جیاوازەکان، بەڵام زۆرینەی کورد باوەڕی دێرینی هیندوو-ئێرانیی خۆیان «مەگۆتی[15] -ی زەرڤانەتی Magian Zurvanism» پاراست بوو.

لە ڕاستیدا گەورەخودای گشت کوردان بریتی بوو لە «مێهر» («میر»، بە زمانی ئێستای نێو کورد)، خودای خۆر، خودای پەیمان، پاڵوانەتی و سەرکەوتن، خودایەکی فریادڕەسە. «مێهر» پەرستراوە و بە گوێرەی ڕێوڕەسمی دینە جیاوازەکان کە تێیدا مێهر پەرستراوە، قوربانی بۆ دراوە.

مێهر، بەدەر لە بەراورد و ناساندن، وەک «عەلی کوڕی ئەبی تالیب – علي بن أبي طالب» ی ئەمڕۆیە. گشت ڕێچکە کوردییەکان، جگە لە ئێزدایەتی، ئەمیان بە فریادڕەس دەزانی. بە گوێرەی ڕێچکە جیاوازەکانیان، زێدەڕۆییان دەکرد لە ڕێزگرتن و پەرستنی مێهردا. داستان و ئەفسانەگەلیان بۆ دادەڕشت. داستانی گەلێری جەنگاوەرییان بۆ دەپاراست و هی نوێشیان بۆ هەڵدەبەست باس لە خودایی و پاڵەوانەتیی ڕادەبەدەری وی بکات.

### تۆمارەکانی کڵێسە

بەگوێرەی سەرچاوەکانی کڵێسە ئارامییەکان، موژدەدەرانی دینی لە سەدەکانی سێهەم، پێنجەم و شەشەمی زایینی تێبینی بوتپەرستی، درەختپەرستی، خۆرپەرستی و هەروەها دێوپەرستیان کردووە لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ڕوباری دیجلە لە نێوان جەزیرەی ئیبن عومەر (إبن عمر) لە باکووری مووسڵ و دەوروبەری خانەقین لە عیراق.

مار ماری ئیدیسا Mar Mari of Edessa -ی موژدەدەر لە سەدەی سێهەم لە شاری «شەهرکارت» Shahr Kart -ی نێوان داقوق و هەولێر بوو. لەوێ خەریکی بانگەوازی مەسیحایەتی بوو لە نێوان دانیشتوانی ئەو دەڤەرە کە درەخت و بوتی مسیان دەپەرست. «مار» توانی دینی خەڵکەکە و پاشاکەیان بگۆڕێت بۆ مەسیحایەتی.

ئەم شانشینە بچووکە ڕەنگە لەو سیستەمە فەدەرالەی ئەشکانییەوە مابێتەوە کە لە لایەن فەرمانرەوایی ساسانی توند نێوەندگیر (سەنترالیست) ەوە ڕووخێندرابوو. وەها دیارە شا و گەلەکەی، کە زەردەشتی نەبوون، بە نهێنی میترایی بوون، چونکە ڕێبازی دێوپەرستی هێندەی لەبار نەبووە شانشینی خۆی دامەزرێنێت.

شاپووری دووهەم ساڵی 344 زایینی «شەهرکارت»ی داگیر گرت. ئەم بەرانبەر کەسانی نازەردەشتی و لادین (کەسانی خاوەن دینی جودا لە دینی فەرمیی دەوڵەت)، لەوانیش مەسیحییەکان، زۆردار و چەوسێنەر بوو. وێرای ئەو هەموو زۆردارییە شەهرکارت، ساڵی 356 بووە ناوەندێک بۆ بانگەوازی مەسیحایەتی لە نێو کورددا.

من چ گومانم نییە لەوەی شەهرکارت شارێکی کوردی بووە و دانیشتوانیشی کورد بوون. بڕواشم وایە ناوی شارەکە داڕشتنەوەیەکی ساسانییە لە ناوە «ماد»ییەکەی، کە زمانی کوردیی لێ پەیدا بووە، Khshathro-Kereta کە دەکاتەوە: کۆشکی پاشایەتی یان جێیەکی بۆ پاشا هەڵبەسترابێت.[16] هەروەها بڕواشم وایە کە ناوی Sadrakae

[15] – [مەگۆتی: موغایەتی، مەجۆسی].

[16]- TWK, 16-19.

که سترابۆ Strabo ناوی هێناوە وەک بەشێک لە هەرێمەکانی کەرکووک[17] دارِشتنەوەیەکی گریکییە لە ناوە مادییەکەی Khshatro-Kereta.[18] گریکییەکان زووتریش Khshatrapavan ی فارسییان (کە بە واتای «پاشای هەرێم» دێت) گۆڕی بوو بە Satrapes. من شوێنی شەهرکارت-یشم دیاری کردووە بە ئاسەوراەکانی جولیندی Julindi لە باکووری ڕۆژئاوای سولەیمانی.[19]

لە نێو موژدەدەرەکانی سەدەی پێنجەم مار سابا Mar Saba ساڵی 485 ی زایینی کاری لە نێو کوردان دەکرد و دەڵێت ئەمانە خۆرپەرستن.

مار سابا خەڵکی «بەیت گەلایا» Beith Galāyā ی ناوچەی «ڤەلاش پهار» Balāshphār ی دەڤەری ئەڵوەند Helwan بوو. ڤەلاش پهار (شکۆی ڤالاش) ناوە کۆنەکەی قەسری شیرین بووە. Beith Galaya ناوێکی ئارامییە بەواتای «خانەی گال» دێت و گۆڕدراوە بە «باگەلایا» Bāgalāyā و لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێت: «باجەلایا» Bājalāyā. لە سەردەمی بەرایی ئیسلامدا، لە دۆڵی «خابوور»ی باکووری مووسڵ، ناوچەیەک هەبوو مێژوونووسانی عەرەب بە «باجەلایا» ناویان هێناوە. ئەم وشەیە بە کوردی دەبێتە «باجەلان»، هەر بەو جۆرەی «کوردایا»ی زمانی ئارامی بە کوردی دەبێتە «کوردان». «ایا»ی ئارامی و «ان»ی کوردی پاشگری «کۆ»ن. ئەمەش دەبێتە پشتیوانییەک antiquity لە ناوی «باجەلان» کە ئەمڕۆ خێڵێکی ناودارن لە دەراوسێیەتیی «ئەڵوەند» Helwan ی دێرین.

Mar Li-Shu´ab لە سەدەی شەشەمدا کوردی «دێوپەرست»ی دیوە نێزیک «ثەمانین»، لە دوروبەری «جەزیرەی ئیبن عومەر». دەشێت ئەمانە میترایی بووبن.

### ئەشکەوتە پەرستگە

ژمارەیەکی زۆر ئەشکەوت لە کوردستانی عیراقدا هەن پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە لە ڕوانگەیەکی میتراییەوە. من ئاماژە بە چەند دانەیەک دەکەم.

پەیڕەوانی میترایەتی بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی خۆیان ئەشکەوتیان هەڵدەکۆڵی، ئەشکەوتی وەها سەرچاوەی ئاوی هەبێت یان، لانیکەم، جۆگەی هەبێت.[20]

### گەلیی زەردەک

لە بەشێکی باکووری «جەبەل مەقلوب»، لە خۆرهەڵاتی مووسڵ، دۆڵێکی ناوازە هەیە تەنیشتار (لاپاڵ) ی پڕە لە بەردی زەردباو، بەنێو شاخەکاندا گوزەر دەکات، پێی دەگوترێت «گەلیی زەردەک» و لە کوردیدا بەمانای دۆڵی زەرد دێت. لەم دۆڵەدا چەمێکی هەمیشەڕۆ هەیە. تەنیشتاری دۆڵەکە ئەشکەوتی هەن بە پەیکەری بەردین ڕازاونەتەوە.

---

17- Strabo, III, p 1441.
18- TWK, 19-24.
19- Ibid.
20- CTMM, Vol I, 55.

لەوە دەچێت ئەم دۆڵە، بە خۆی و ئەشکەوت و پەیکەرەکانییەوە، جێیەکی پیرۆز بووبێت، کورد بۆ جێژنی مێهرەگان Mihragān سەرەدانیان کردووە و ڕێوڕەسمی پەنهانی خۆیان تێدا گێڕاوە. ڕێک وەک «دۆڵی لالش» کە ئێزدی بە پیرۆزی دەزانن، سەرەدانی دەکەن و جێژنی خۆیانی لێ دەگێڕن.

### ئەشکەوتە پەرستگەی شێخ ئادی

ئەو ئەشکەوتە پیرۆزەی لەژێر پەرستگەی «شێخ ئادی» لە دۆڵی پیرۆزی «لالش»ـدا هەیە، شاپیرۆزەی ئێزدییانە. تەنها «بابە شێخ» و چەند کەسایەتییەکی دیکەی بەرپرس لەنێو ئێزدیاندا بۆیان هەیە بچنە سەرەدانی ئەو ئەشکەوتە، ئاپۆرەی دیکە و بیانی بۆیان نییە. لەم ئەشکەوتەدا «کانیی سپی» هەیە کە بە مشتی شێخ ئادی هەڵقوڵیوە.

پێدەچێت ئەم ئەشکەوت و کانیاوە شوێنی پەرستنی خودایان مێهر و ئەناهیتا بووبێت. ئەناهیتا (دواتر گۆڕاوە بە «ناهیدە» و «ناهید») خوداوەندی کانی و ئاوی بەبڕشت بووە. پەرستگەی ئاگر لەبان ئەم ئەشکەوتە هەڵنراوە.

من پێم وایە ئەم ئەشکەوتە واری شێخ ئادی بووە کە سەرەتای هاتنی بۆ ئەم هەرێمە، سەرەدانی کردووە و ماوەی چل ڕۆژ تێیدا لە خەڵوەتدا بووە. شێخ ئادی ئەم ئەشکەوتەی کردە یەکەم بنگەی چالاکیی بانگەواز بۆ پەیامی خۆی. هەر لەو سەردەمەشدا فرەوانکردن و گۆڕینی بینای سەر ئەشکەوتەکە دەستپێکرد. ئیسماعیل بەگ ئەم ئەشکەوتە بە «کۆنترین پەرستگەی شێخ ئادی» دەناسێنێت.[21]

ئەشکەوتێکی بچووک هەیە لە باکووری مووسڵ بە شێوەی پەرستگەی میترایی هەڵکۆڵدراوە و ڕێکخراوە.[22] هەروەها ئەشکەوتێکی دیکە لە باکووری چیای سەفین، نێزیک شارۆچکەی شەقڵاوە، هەیە پێی دەگوترێت ئەشکەوتی «شێخ وسوورەحمان»، بە ناوی سۆفییەکی کورد کە پێنج سەدە پێش ئێرەی کردۆتە واری خۆی. ئەم ئەشکەوتە زووتر ڕەبەنە مەسیحییەکان و من پێم وایە بەر لەوانیش میتراییەکان، سوودیان لێ وەرگرتووە. کانیاوێک نێزیک ئەم ئەشکەوتە هەیە.

ئەشکەوتێکی دیکە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی گوندی «جاسەنە» لە تەنیشت دۆڵی سورداش لە باکووری سولەیمانی. ئەمیان خاتوو درەوەر Lady Drower ی «بەحزانی» سەرەدانی کردووە (بۆ وردەکاری بڕوانە E. S. Drower, Peacock Angel, p. 55).

### میترایەتی لە شارۆچکەی «عانە» کەنار ڕوباری فورات

ساڵی 1920 مانگێکم لەم شارۆچکەیە بەسەر برد و لەوێ زانیم دەستەیەک موسڵمان هەن خۆرپەستن و لە ئەشکەوتێکی ئەو دەوروبەرە جڤین و ڕێوڕەسمی نهێنی پەیڕەو دەکەن. پرسیاری ناوەکەیانم کرد و زانیم زووتر لەلام ئاشنا بوون. بێگومان ئەوانە پاشماوەی میترایەتین.

---

[21]- IY, 8.

[22]- دوو فۆتۆی ئەم ئەشکەوتە لە «بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسەوار»، لە بەغدا، هەن.

**پاژی یەکەم: شۆپی میترایەتی لە ئێزدایەتیدا**

**1.  بنەماکانی ئافراندن لای ڕێبازی «باتینی - باطني»**

ئیسلامی بنەماگر باوەڕی وایە خودای هەمەتوان[23] گەردوونی بە فەرمانێک لە نەبوونەوە بە بوون ئافراندووە. بەڵام ڕێبازی باتینی ڕاڤەیەکی پەنهانیان هەیە بۆ ئەو ئاماژە قورئانییە. ئەمان دەڵێن خودا جیهانی لە نەبوونەوە نەئافراندووە، جیهان خویاکردن (دەرکەوتن، پێشاندان manifest) ی ماکی خودایە. ئەمان دەڵێن جگە لە خودا هیچی دیکە لە ئارادا نییە. «تاکماکی» Monism بنەمای باوەڕی باتینییە.

ڕێبازی «ئیسماعیلی»، کە چەند سەدەیەک پێش ئەم ئێزدایەتیەی ئێستا دەرکەوت، پێی وەهابووە گەردوون خویابوونی «یەک ماک» ـە و دەشێت بە زنجیرەیەکی وەها پێشان بدرێت:

«یەکتا» - فەرمانی «بوون» + دەرکی گەردوونی (ئەمیان ئافرێنەرە) - گیانی گەردوونی (ئەمیش ئەو ئافرێنەرەیە کە لە خودی خۆی لەشی بۆ خۆی هێناوەتە بوون، ئەویش گەردوونە) - چوار پێکهاتەکان - سێ ماددەکان (ماددەی نازیندەڵ inorganic، ڕووەک، ئاژەڵ).

ئەم بۆچوونە بەراورد بکە بە باوەڕی نەوپلاتۆنی (نیوپلاتۆنیزم) Neo-Platonism.

«درووز»یش باوەڕی خۆیان لەسەر هەمان بنەما هەڵچنیوە.

باوەڕی «بەکتاشی» هاوڕای ئیسماعیلییە لەوەدا کە دەڵێت گەردوون خویابوونی ماکی یەزدانی هەمەتوانە. لە ڕاستیدا هەر کەسێک دژی ئەو باوەڕە بێت - واتە باوەڕی هەبێت بەوەی گەردوون، لە دەرەوەی بوونی خودا، بوونێکی جودای هەبێت - ئەوا بە دوالیست مۆر دەکرێت.

لای «کاکەیی»، هەرچەندە بنەمای خویابوونەکە جێگیرە، بەڵام جیاوازییەکی گرینگ لە جۆری ئەو خویابوونەدا هەیە. کاکەیی باوەڕیان وایە کە «گیانی گەردوون» توانای ئەوەی نییە گەردوون وەک لەش بۆ خۆی، لە خۆی بهێنێتە ئافراندن. لەبەر ئەوە جیاوازی دەکەن لە نێوان خویابوونی یەزدانی وەک «گیان» و خویابوونی یەزدانی لە شێوەی بابەتی بەردید (بینراو)-دا. لەبەر ئەوە پێیان وایە «بوونەوەرە ڕووحییەکان» ڕاستەوخۆ لە تیشکی یەزدانی هەمەتوانەوە پەیدا دەبن. چوار پێکهاتەکان و جورمە ئاسمانیەکان، گەرچی لە تیشکی یەزدانن، بەڵام تیان (ناڕاستەوخۆ) ـن، چونکە ئەوانە لە مرواریەکدا هاتونەتە بوون کە یەزدان لە تیشکی خۆی دروستی کردووە. پێویستە ئەوەش بەهەند وەربگرین کە مرواری بە کەرەستەی تیشکدەر دانراوە.

ئێزدییش پێیان وایە گەردوون لە هیچەوە نەهاتۆتە ئافراندن، بۆ باوەڕی دوو جۆر خویابوون - یەک گیانی و یەک ماددی - هاوڕای کاکەیین. ئەمان باوەڕیان وایە هەفت فریشتە Deity -کانیان لە ڕووناکیی یەزدانەوە پەیدابوون و گەردوونی بەردیدیش لە تیشکی مرواری پەیدا بووە کە یەزدانی هەمەتوان لە سەرەتادا لە ڕووناکی خۆی دروستی کردووە بۆ ئەوەی بیکاتە پێگەی خۆی.

بەڵام ئێزدی ئەم بۆچوونەیان تێکهەڵکێشی بیردۆزەی ئایدیاکانی پلاتۆن (ئەفلاتون، Plato) کردووە، کە ئەو دەمە فەیلەسووفانی ئیسلام و سۆفییەکان ئاشنای بوون. ئێزدی دەڵێن: کاتێک یەزدانی هەمەتوان لە نێو مروارییە

[23]- هەمەتوان: Almighty.

سپییەکەدا بووە، شێوەی هەفت ئاسمان، شێوەی زەوی، خۆر، مانگ، مرۆڤ، درندە، مەل و ئاژەڵی کێوی دارشتووە و لە گیرفانی «خیرقە»ی ئاخنیون.

## 2. خوداناسیی ئێزدی

ئێزدایەتی دینێکی تێهەڵکێشە و لەوە دەچێت لە لایەن یەک یان زنجیرەیەک سوفییەوە هاتبێتە دارشتن. سۆفیگەلێکی زانا لە دینی خۆیان کە ئیسلامە، شارەزا لە راڤەی پەنهان بۆ ئایەتە قورئانییەکان و هەروەها ئاگادار لە فەلسەفەی گریک و نەوپلاتۆنی کە ئەو دەمە لە نێو «زانا - عولەما»یاندا برەویان هەبووە.

ئەو دیاردەیە لەوە دەچێت شیمانەی هەبێت وێرای تێکستە پەنهان و رووپۆشراوەکانی نێو «مەسحەفا رەش» و «جلوە» کە کەشکۆڵێکن لە گوتاری هەمەجۆر دەربارەی فەلسەفە و باوەڕی سەربە ئافراندن و خوداناسی و هەروەها لە داستان و ئەفسانەی ساکار. بەڵام سەرچاوەی ئەم بنەماگەلە - کە هەندێک بۆچوونی میترایی خاوەن ریشەی ئێرانی لە خۆ دەگرن - تەواو نارِوونە.

کتێبی «مەسحەفا رەش» دەڵێت یەزدانی هەمەتوان هەفت فریشتە (مەلەک) ی ئافراندووە، هەر یەکەیان لە رۆژێکی هەفتەدا. یەکێک لەوانە «تاووسێ مەلەک» Tāwûs ê Melek ـە کە یەزدان یەکەم رۆژ (یەکشەم) ئافراندوویەتی و بە رابەری ئەوانەی دیکەی ناساندووە. ئەمیان فریشتەی خۆرە.[24]

ئەم کتێبە دەشڵێت یەزدانی هەمەتوان شەش (لەوانەیشە سەرەتا هەفت بن) خوداوەندی (پەری) لە ماکی خۆی ئافراندووە و چۆن مرۆڤ مۆم بە مۆمێکی دیکە دادەگیرسێنێت، وەها رووناکی کردوونەتەوە. پاشان هەر خۆشی ئاسمانی ئافراندووە، ئەوجا فەرمانی بە هەریەک لەو خوداوەندانە داوە رووە ئاسمان هەڵکشێن و جەستەی پیرۆز بئافرێنن. لە چاپە جیاوازەکانی ئەم کتێبەدا، ناکۆکی و نارِوونیی زۆر هەیە دەربارەی جەستە پیرۆزەکان بەڵام گشتیان کۆکن لەسەر ئەوەی خوداوەندی یەکەم ئافرێنەری خۆرە، دووهەم ئافرێنەری مانگە، پێنجەم ئافرێنەری «ڤێنوس»ـە. ئەو سێیانەی دەمێنن ناوی هەسارەیان لێ نەنراوە.

دەشێت، لەگەڵ ئەم بەڵگەیەدا، وردەگومانێک پەیدا بێت ئایە ئەو شەش خوداوەندەی لە لایەن یەزدانی هەمەتوانەوە لە رووناکی و ماکی خۆی ئافراندوونی هەر ئەو هەفت فریشتەیە بن، کە هەریەکەیان لە رۆژێکی هەفتەدا، لەلایەن خۆیەوە ئافرێندراون. لە راستیدا ئێزدی چ خوداوەندێکی دیکە ناناسن جگە لەو هەفت فریشتەیەی ئەمان بڕوایان وایە یەک کەسایەتین لەگەڵ «تاووسێ مەلەک».

لەسەر ئەم بنەمایە، یەکەم فریشتە یەکەم خوداوەندە، ئافرێنەری خۆرە و خوداوەندی خۆرە. دووهەم فریشتە دووهەم خوداوەندە، ئافرێنەری مانگە و خوداوەندی مانگە.

کەواتە، سەرئەنجامێکی رِوونی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە دارێژەری نهێنیی ئێزدایەتی پێی وەها بووە هەر یەک لەو هەفت هەسارەیە نوێنەری ئەو خوداوەندەیە کە ئافراندوویەتی، بەڵام گومانم هەیە لەوەی ئێزدیی ئەم رۆژگارە جگە لە خۆر، مانگ و ڤێنوس زانستیان دەربارەی هەسارەی دیکە هەبێت.

ئێزدی، ئەم هەفت فریشتەیە تێچێنی هەفت شێخی خۆیان دەکەن. ئەم شێخانە لەسەر زەوی نوێنەری فریشتەکانن و ئێزدییان بۆ نزا پەنایان بۆ دەبەن. ئێزدی ئەو هەفت شێخەیان لا پیرۆزە، لە ژمارە پیرۆزەکەی هەفت، کە هەم ژمارەی هەسارەکان و هەم ژمارەی خوداوەندەکانی میتراییە، دەرباز نابن.

[24]- IY, 101.

## 3. مشتومڕ لەسەر ناوی دوو کتێبە پیرۆزەکەی ئێزدایەتی

### جلوە

«جلوە» کە ڕێک دەکاتەوە «خویابوون»، لە فەرهەنگی سۆفیاندا واتە «سروشت، گەردوون»، بەڵام کتێبی «جلوە»ی ئێزدییان نێزیکی ئافراندن ناکەوێت، سەرلەبەری تەرخانە بۆ پێشاندانی کەسایەتیی «تاووسێ مەلەک»ی خوداوەند. بۆ باس لە هێز، دەسەڵات، فەرمان، قەدەخەکان، ڕێنوێنی، وریاکردنەوە، پەیمان و هەڕەشەکانی «تاووسێ مەلەک»ـە. لەوانەیە تێکستی ئەم کتێبە میراتی شێخێک بێت خاوەن پەیڕەوی فرەوان و پاشان پێگەی پیرۆزیی پێ درابێت. ئەگەر بەراوردی تێکستی ئەم کتێبە بکەیت بە «قەسیدە - قصيدة»، کە دەدرێتەوە بە «شێخ ئادی»،[25] بۆت دەردەکەوێت کە «قەسیدە» یەکەم قۆناغ بووە بۆ داڕشتنی کتێبی «جلوە». بەڵام چ ئاماژەیەکی بۆ خۆرپەرستی تێدا نییە.

### مەسحەفا ڕەش

من پێم وایە مەبەستی بنجی لە وشەی «ڕەش» بۆ هەڵکشاندنی «مەسحەف - مصحف»، کە دەکاتەوە «قورئان»، - کە دڵنیام ئێزدی لە بیریان کردوە – ڕەنگی «ڕەش» نییە. نازناوی «ڕەش» لە «مەسحەفا ڕەش»ـدا بە واتای مەزن، فرەتوان و تۆڵەستێن دێت. ئەم کتێبە لای ئەوان کتێبی سزادانی خێرا و توندە، یان بووە، بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی و بەربەرەکانی فەرمان و یاساکانی دەکەن، سوێندی درۆ بەم کتێبە دەخۆن.

لە ڕاستیدا ئەم نازناوی «ڕەش»ـە هەر ئەوەیە کە لە وشەی «ڕەشەبا»دا هەیە بە واتای بای بەهێز و توند، نەک بایەک ڕەنگی ڕەش بێت، وەک ئەوەی بە ئینگلیزی دەڵێیت black misfortune بۆ terrible misfortune.

بۆیە من پێم وەهایە ناوی ئەم دوو کتێبە بە هەڵە بەکارهێنراون، چونکە «جلوە» باشتر بۆ کتێبێکە باس لە ئافراندن بکات، «جلوە»ی دونیای سۆفییان، و ناوی «مەسحەفا ڕەش» (کتێبی بەهێز) بۆ ئەو کتیبە باشە باس لە جێوڕێی دەسەڵات دەکات، لە فەرمان و بەربەست.

لەبەر ئەوە دوور نییە لە بنەڕەتدا ئەم دوو کتێبە دوو بەش بووبن لە یەک کتێب بە ناوی «جلوە» و نووسەرەکەی سۆفییەک بووبێت و پاشان ناوی گۆڕابێت بە «مەسحەفا ڕەش» بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی دوور بخەنەوە لە قورئانی پیرۆز. چونکە ئەم نەخشە لە زۆر هەنگاوی دیکەیاندا ڕوونە، بۆ نموونە وشەی «حەج» بەکاردەهێنن بۆ سەرەدانی ساڵانەیان بۆ مەزارگەی «شێخ ئادی» و پەرستگەی لالش. شاخی ڕۆژهەڵاتی مەزارگەکەیان ناوناوە «عەرەفات»، «کانیی سپی» بە «زەمزەم» و بەردەکەیان بە «بەردەڕەش» ناودێر کردووە... هتد. مەبەست لەم هەنگاوانە لادانی سەرنجی خەڵکە لە سەرەدانی مەککەی پیرۆز، بۆ ڕاهێزانی پێگەی دۆڵی لالش و ئێزدایەتییە.

---
[25]- SDY, 94-97.

## پاژی دووهەم: شۆپی میترایەتی لە خوداناسیی ئێزدیدا

### هەفت خوداوەندی ئێزدایەتی

ڕوونە کە سەرچاوەی هەر دوو بیرۆکەی ئێزدایەتی: هەم هەفت خوداوەند و هەم شێوازی پەیدابوونیان لە خوداوە و لە یەکدییەوە، دەچێتەوە بۆ باوەڕەکانی دینی زەردەشتی بە شەش خوداوەندی چاکە، ئاهورامەزدا و پەیدابوونیان لە ئاهورامەزداوە. ئەم شەش خوداوەندە بە «ئەمشەسپەند» Amshaspand، بەخشەندەی نەمر، ناودێرن.

بەڵام وێڕای ئەوەی خوداوەندەکانی ئێزدایەتی لە ماک و ڕووناکیی یەزدانی هەمەتوانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەو فاکتەی دەڵێت هەر یەکەیان لە ڕۆژێکی هەفتەدا ئافرێنراوە و بە هەفت هەسارەکانەوە گوزارشتیان لێدەکرێت، وەک لە سەرەوە باسکرا، ئاماژەی ئاشکرایە بەو هەفت هەسارانەی لە میترایەتیدا خوداوەندن. میترا سەرۆکی ئەو خوداوەندانە بووە کە دەکاتەوە خۆر و لە بەرەبەیاندا قوربانیی پێشکەش کراوە.[26]

باوەڕیش وابووە هەر یەک لەم خوداوەندانە بەرپرسە لەو ڕۆژەی هەفتە کە بە ناوی خۆیەوە ناودێرە،[27] بۆ نموونە یەکشەممە پێی گوتراوە «ڕۆژی خۆر»، دووشەممە پێی گوتراوە «ڕۆژی مانگ»، سێشەممە پێی گوتراوە «ڕۆژی بارام» [بارام: مارس، مریخ]... هتد. ئەو سیستەمە هەتا ئەم ڕۆژگارەش لە ئەورووپادا باوە.

لە میترایەتیدا ئەو هەفت هەسارەیە خوداوەندن و دەستیان لە چارەنووسی مرۆڤدا هەیە. شێوەی مرۆڤیان پێدراوە، توانای دیتن و بیستنیان هەبووە، شاد و خەمگین دەبوون، توڕەییان دەبا هێور بکرێتەوە و ڕەزامەندیان بە نوێژ و بەخشین دابین دەبوو.[28]

ئەم بۆچوونە لە ئێزدایەتیدا بێ گۆڕانکاری دەوامەی هەیە. نوێژ، قوربانی و بەخشینەکان لە مەزاری فریشتە پیرۆزەکاندا پێشکەش دەکرێن، ئەو فریشتانەی نوێنەرایەتیی شێخەکان - هەفت هەسارەکان - دەکەن. ئامانجیش هێورکردنەوەی تووڕەییان و دابینکردنی هاوسۆزییانە.

### هاتنە خوارەوەی خوداوەندەکان

لە «مەسحەفا ڕەش»دا بڕگەیەک هەیە دەڵێت:

> *لە لاقاوەکەوە هەتا ئێستا هەفت هەزار ساڵە؛ و هەر هەزار ساڵێک خوداوەندێک دابەزیوەتە سەر زەوی، ئەم خوداوەندە تێکست، یاسا و ڕێسای بۆمان داڕشتووە و پاشان هەڵکشاوەتەوە.*

پێدەچێت سەرچاوەی ئەم ئەفسانەیە لێکدانەوەیەکی ئەو ئایەتەی قورئان بێت کە دەڵێت:

> *ئەو (خودا) فەرمانی کاروبار لە ئاسمانەوە دەنێرێتە زەوی، پاشان ئەو کاروبارانە بەرز دەبنەوە بۆ لای ئەو لە ڕۆژێکدا بە پێوانەی ئێوە هەزار ساڵە.*[29]

[26]- CTMM, Vol I, 128.
[27]- CMM, 120.
[28]- CTMM, Vol I, 113-114; CMM 126.
[29] - «يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ» (السجدة: 5).

ڕاڤەی ئەو ئایەتەی سەرەوە و ڕاڤەی ئەو ئایەتەش کە دەڵێت «یەک ڕۆژ لای خودات بەرانبەر هەزارساڵی ئێوەیە»[30] - لە لایەن مامۆستایانی ئێزدی زانایانە بەکار هێنراون بۆ تێکبەستنیان لەگەڵ پەیوەندیی نێوان هەفت خوداوەندەکەی میترایەتی و هەفت ڕۆژی هەفتە. ئەمیش بە مەبەستی دامەزراندنی بنەما بنجییەکانی نێو خوداناسیی ئێزدی کە هیوا و ئارامیی بەهێز لای ئێزدییان دەچێنێت و پلەی دینەکەش سەردەخات.

ئەمە نموونەیەکی ئاشکرای ئەو هونەرەیە کە ڕێبەرانی دینی بەکاریان بردووە بۆ کۆکردنەوەی بۆچوونی جۆراوجۆر لە چەند باوەڕێکی جیاوازەوە و پێکەوەنانیان لە داڕشتەیەکی نوێدا بۆ سوودی ئەو ڕێچکەیەی داهێنانی خۆیانە.

پێم وایە شوێنی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بدەم بەوەی ڕۆژی دین لای «ئیسماعیلی» هەزار ساڵە و هەفتەی دین لایان هەفت هەزار ساڵە.[31] هەروەها بڕواشیان هەیە بەوەی «خودای زەمان» the Lord of the Time لە بازنەیەکی بەردەوامی هەفت هەزار ساڵەدا، هەر هەزار ساڵ جارێک خویا دەبێت.

ڕەنگە ئەو باوەڕەی لای ئێزدی دەڵێت پاش بڵاوبوونەوەی ڕەگەزی مرۆڤ لەسەر زەوی، «تاووسێ مەلەک» دێتە خوارەوە بۆ پشتیوانیی کەسانی هەرە ئازاردیدە،[32] گەڕانەوە بێت بۆ ئەو چیرۆکەی ئاهورامەزدا کە میترا دەنێرێت بۆ هێنانی دەستاوێژی ژیان بۆ زەوی و پاراستنی مرۆڤ لە دوژمنکاریی وێرانکەرانەی ئەهریمەن.[33]

## چوار ڕەگەز، کات و ستوون

### چوارینەکانی ئێزدی

لە «جلوە»دا دەبینین ئاماژە هەیە بە «چوار ڕەگەز، چوار کات و چوار ستوون کە دابینن بۆ پێویستییەکانی ئافراندن»، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم تێکستە باس لە ئافراندن دەکات دەبا لە «مەسحەفا ڕەش»دا با، سەیرە لە «جلوە»دا دێتە بەرچاو.

### چوار ڕەگەز

چوار ڕەگەزەکان بریتین لە هەوا، ئاگر، خاک و ئاو کە لە میترایەتیدا خوداوەندن. لێرەدا لێکچوواندن هەیە لای «سابیئە - صابئة» دەردەکەوێت. چوار ڕەگەزی پیرۆزی ئەمان بەو چوار وێنەیە ڕوون دەبێتەوە کە لەسەر هێما پیرۆزەکەیان، «سکاندۆلا»، هەیە: مێشهەنگ، شێر، دووپشک و مار. پێم وایە ئەمانە چوار ڕەگەزەکەی سەرەوە دەنوێنن؛ هەنگ هەوایە، شێر ئاگرە، دووپشک ئاوە و ماریش زەوی.

[30] - «...وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ» (الحج 46).

[31]- FBI, 3.

[32]- PSM, 378; SDY, 7.

[33]- CMM, 132-138.

## چوار کاتەکان

ئەو چوار کاتەی لێرەدا ئاماژەیان پێدەکرێت چوار وەرزی ساڵن. لە میترایەتیدا هەر وەرزێک سێ کەلوو (بورج) ی هەیە. هەم وەرز و هەم کەلوو پەرستراون.[34] پێدەچێ دامەزرێنەری ئێزدایەتی پەرستنی کەلووەکانی ڕەت کردبێتەوە چونکە ژمارەیان دەکاتە دوازدە، ئەمەش بۆ خۆلادانە لە نێزیکایەتیی جووتە ڕێچکەی «ئیثناعەشەری - إثناعشري» و عەلەوی. دامەزرێنەر ڕازی بووە بە پەرستنی تەنیا چوار وەرزەکان، لە کاتێکدا هێشتا هەر یەکەیان لە سێ نیشانە پێک دەهاتن، بەڵام نیشانەگەلێک کە چیتر مایەی پەرستن نەبوون. هەر وەرزێک ئاهەنگی تایبەت و ڕێوڕەسمی خۆی، بەم جۆرە، بۆ دیاری کرا:

1. ئاهەنگی بەهار، یەک ڕۆژ، لە یەکەم هەینیی نیساندا (نەورۆز، ساڵی نوێ).
2. ئاهەنگی هاوین، سێ ڕۆژ دەخایەنێت، 18-21 تەمموز Julay
3. ئاهەنگی پاییز، هەفت ڕۆژ دەخایەنێت، 23-30 ئەیلوول September. بێگومان ئەمیان «مێهرەگان»ـە.
4. ئاهەنگی زستانە، یەک ڕۆژە لە یەکەم هەینیی مانگی کانوونی یەکەم Desember.

ئەم ئاهەنگانە لە «هەمواری یاسای پشووی فەرمی»[35] -ی ساڵی 1960 دا جێگیر کراون.

## چوار ستوون

ئەو چوار ستوونەی لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە دەبێت ئەو «با»یانە بن کە لە چوار شائاڕاستەی کۆمپاس (قیبلەنما) ـەوە هەڵدەکەن. (لە عەرەبیدا خاڵەکانی کۆمپاس بە «ستوونەکانی زەوی» ناودێرن). دەگوترێت لە میترایەتیدا چوار شابا (بای سەرەکی) پەیوەستی چوار وەرزە پیرۆزەکەن و وەک جن (پەری) دەفیتێنن (گڤەیان دێت)، جارێک دەبنە مایەی ترس و جارێک دەبنە مایەی خۆشەویستی.[36]

## پاژی سێهەم: شۆپی میترایەتی لە هەندێک ڕێوڕەسمی ئێزدیدا

## جێژنی جەما

لای ئێزدییان جێژنی هەرە گشتگیر و گرنگ ئەو جێژنەیە خۆیان پێی دەڵێن «جەما – جەماعییە» کە ماوەی هەفت ڕۆژ، لە 23–30 ی سەپتەمبەر (ئەیلوول) ڕێوڕەسمیان بەردەوامە. گومانم نییە لەوەی ڕۆژەکانی ئەم جێژنە پێکەڵپێکە تەک ڕۆژەکانی میترەکان Mithrakān یان مێهرەگان Mihragān کە بەر لە هاتنی ئیسلام بە فەرمی لە ئێران وەک جێژنی پاییز دامەزرابوو.

---

[34]- CMM, 121.

[35] – تعدیل قانون العطلات الرسمیة.

[36]- Ibid, 115.

ڕەنگە ئێزدی سەرچاوەی ئەم جێژنەیان لەیادچووبێتەوە چونکە دیاریکردنی ڕۆژەکانی جێژنەکە بەو جۆرەی لە «هەمواری یاسای پشووی فەرمی» (تعديل قانون العطلات الرسمية) ـدا پەسەند کراون، هەڵەیە. جێژنی مێهرەگان تەرخان بوو بە «مێهر»ی خوداوەند و ساڵانە لە ڕۆژی «مێهر»ی مانگی «مێهر»دا دەگیرا. لای ئێرانیان ڕۆژی نێوەڕاستی مانگیان، واتە 16ی مانگ، بە مێهر ناودێر دەکرا و نێوەڕاستی مانگی مێهر، کە نێوەڕاستی ساڵە، واتە مانگی هەفتەم، ڕۆژی 17ی سەپتەمبەر دەستپێدەکات. بەو جۆرە بێت ڕۆژی مێهرەگان، واتە ڕۆژی مێهری مانگی مێهر، بەزۆری دەکەوێتە 2ی ئۆکتۆبەرەوە. پێدەچێ ڕابەری ئێزدیان، ئەوەی جێژنی جەمای دامەزراندووە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئێزدیگەل لە دۆڵی پیرۆزی لالش بۆ حەجکردنی ساڵانە، بۆ پەیڕەوی ڕێوڕەسمی ئێزدایەتی، بۆ جێبەجێکردنی بەزمی نهێنی شەوانە، ڕۆژەکانی جێژنی مێهرەگانی بۆ ئەم جێژنە دیاری کردبێت. لێرەدا باسی بەشێک لە ڕێوڕەسمی ئەم جێژنە دەکەم و هەوڵیش دەدەم شۆپی میترایەتی لە نێویاندا بدۆزمەوە.

## ڕێوڕەسمی سەما

دەملووجی ئاماژە دەدات بە ڕێوڕەسمێکی پابەندبوون، شەوانی جێژنی جەما لە هەلومەرجێکی تەواو نهێنیدا ئەنجام دەدەرێت.[37] ئێزدی، بە گوتەی دەملووجی، ئەم ڕێوڕەسمە بە «سەما – سەمائی» ناودێر دەکەن، وەک ئاماژەیەک بۆ بووژانەوەی گەلێر و خویابوونیان لە ئاسمان (بەهەشت).

دەملووجی دەنووسێت ئەو ڕێوڕەسمە لە لایەن گروپێکی بیست کەسییەوە لە گۆرەپانی بەرانبەر گۆڕی شێخ ئادی بەڕێوە دەچێت، لە دەوری مۆمدانێک پێی دەگوترێت «چەقەلتوو» (؟). ئەم مۆمدانە لە نێوەندی گۆڕەپانەکەدا دانراوە و لە بانی گۆزەیەکی پڕ لە ڕۆنزەیتوون جێگیرە. چەند دەزوویەک لە دەوروبەری گۆزەکە و دەزوویەکی تریش کە لە شێوەی گوڵێکی گەورە دروستکراوە لە ناوەڕاستی گۆزەکە دانراوە.

دەملووجی ئاماژە دەدات بە پلەی هەریەک لەو بیست کەسەی بەدوایەکدا لە بازنەیەکدا بە دەوری مۆمدان و دەزووە داگیرساوەکاندا وەستاون و پێمان دەڵێت ئەو بیست کەسە بە ئارامی سێ جار لە ماوەی چوار کاژێردا بە دەوری مۆمدانەکەدا دەسووڕێنەوە (ئەوها!). لەو دەمەدا «قەوال» (نزاخوێن) لەبەردەم دەرگەی مەزارەکەدا دانیشتوون سروود دەخوێنن، تەمبوور دەژەنن و دووزەلە لێدەدەن (ئەوها!).

ئەمەش سەرنجی خۆم دەربارەی ئەم ڕێوڕەسمە و کورتەباسەکەی دەملووجی: گومانم نییە لەوەی ڕێوڕەسمی ڕەسەنی سۆفیگەریی لەم شێوەیە لە جێژنی جەمادا لە لایەن ئێزدییانەوە ئەنجام بدرێن. هەر لەبەر ئەوەش بووە مێهرەگان، جێژنی پاییز، لەلایەن ئەمانەوە گۆڕاوە بە «جەماعی» کە لە چەمکی سۆفیگەرانەی «عين الجمع»مەوە داتاشراوە بە واتای «شاجقین، جقین لەگەڵ، یان بە ئامادەبوونی، خودا یان خوداوەندان».

وا دەردەکەوێت ئەوەی دەملووجی پێی دەڵێت مۆمدان ستوونێک بێت لە شێوەی «سەنجاق» ی ئێزدی (بڕوانە سەرەدێڕی «سەنجاق»)، کە لەگەڵ ئەو باڵەندەیەی لەسەریەتی، سەنجاق، شێوەگیر دەبێت. بەڵام لێرەدا ستوونەکە بۆ پێکهێنانی «سەنجاق»، چرای لەسەرە نەک باڵەندە. سەنجاق گوزارشتە لە هەفت پلەی هەرەمی

[37]- SDY, 195-196.

دەملووجی دەڵێت لە خۆی زیادتر کەس ئەم ڕێوڕەسمەی نەدیووە.

ڕۆحییان بۆیە دەبێت ژمارەی دەزووەکانی چراکە هەفت دانە بن. گەورەترینیان لە نێوەندە و گوزارشتە لە «تاووسێ مەلەک» خوداوەندی ڕۆژ، شەشەکەی دیکەش، شەش خوداوەندەکانی دیکەن.

هەفت ڕووناکیەکەی ئەم سەنجاقە نهێنیە ناسنامەی ئەم هێمایە دەردەخات و دەشبێتە بەڵگەیەکی پشتیوانی لە بڕوامان کە هەفت خوداوەندی ڕووناکی لای ئێزدییان، لە بنەڕەتدا هەفت هەسارەکەی میترایەتین.

من پەیوەستێک بەدی دەکەم لە نێوان سووڕانەوەی ئێزدی بە دەوری خوداوەندەکان و سوڕانەوەی هەسارەکان بە دەوری زەویدا (بەگوێرەی باوەڕی کۆن).

پێم وەهایە دەملووجی وشەی «سەما»ی تێکەڵ بە وشەی «سماء» ی عەرەبی کردبێت بە مانای «ئاسمان – بەهەشت». ئەم وشەیەی «سەما» کە ئێزدییان بەکاری دەهێنن بۆ ئەم ڕێوڕەسمە نهێنیە تایبەتە، هەر ئەو «سەما»یەیە لە لایەن سۆفییانەوە بەکار دێت بۆ ڕێورەسمی پەیوەست بە سەما، مۆسیقا و گۆرانیەوە. سەرچاوەی ئەم بەزمی «سەما»یە لای باتینیەکان لە «سەما»ی یەکەمەوە هاتووە کە لە لایەن «چلەی پەنام» (چلەی دیدەبەدەر – نەبینراو) ـەوە، بێگومان بە بێ مۆسیقا و گۆرانی، لە کاتی دابەزینی «موحەمەد»دا جێبەجێکراوە (بڕوانە ڕیشەی «چلمێران» ). سەرچاوەی ئەم وشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ «سمع» ی عەرەبی، بە واتای «بیستن». لە کوردیدا «سەما» بە واتای dance دێت کە ڕەنگە لە ڕێبازی دەروێشایەتیی دێرینەوە هاتبێت.

«سەما» لای «مەولەوی»یەکان ڕێوڕەسمێکە تێیدا، بەدەم ئاوازی ئامێرە ژێدارەکانەوە، بەدەوری شێخدا، بەدەوری ستووندا، دەخولێنەوە. گرنگترین هێما و نیشانەیەک من لەو ڕێوڕەسمەدا تێبینی دەکەم شێوەی وەستان و جووڵەی بازنەیی دەروێشەکانە. دەروێشی مەولەوی تەپلەیەکی قوچەکی لەسەرە، تەنوورەیەکی لەبەردایە و پێخاوسە، خول دەخوات. باڵی ڕاستی تەنیشتار دەگرێت، دەستەکە لە ئاست سەریەتی و لەپی دەستی ڕووەو سەرە. باڵی چەپی تەنیشتار دەگرێت و لەپی دەستی ڕوو لە ژێرە. سەریش بەرەو چەپ لار بۆتەوە.

بە بۆچوونی من سەمای مەولەوی شۆپی میترایەتیی تێدایە. دەروێشی مەولەوی لەم ڕێوڕەسمەدا، بە شێوەی وەستانی جەستە و خولدان، گوزارشت لە «میترا» و دوو یاوەر «دادۆفۆری Dadophori» ەکەی دەکات، دوو ئەندامەکەی سێکۆچکەکەی خۆی، یەکیان لە دەستەڕاست بە مەشخەڵێکی ڕووەوسەر و ئەوەی دیکەیان لە دەستەچەپ بە مەشخەڵێکی ڕووەوژێر، لە ئاسمان بە دەوری زەویدا بۆ هەمیشە دەخولێنەوە.[38]

لە نێو مۆمدانەکانی «بەکتاشەکان» کە لە ڕێوڕەسمی «ئاینی جام»دا، دایدەگیرسێنن، یەکیان لەوانەی دیکە گەورەترە و سێ دەزووی هەن گوزارشت لە سێکوچکەی بەکتاشی دەکەن «الله، محەمەد و عەلی» (ژیری-جوانی-شکۆ -ی سۆفیانە)، لە لایەکی دیکەوە ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سێکوچکەی میترایەتی: «محەمەد» و «عەلی» دوو «دادۆفۆری»ـیەکەن. ئەم مۆمدانە گەورەیەی بەکتاشییان چوار و دوازدە هێماش لەخۆ دەگرێت؛ چوار هێماکە گوزارشتن لە چوار فریشتە و دەرگەی سۆفییانەی خۆیان کە چ سەرچاوەیەکی دیکەیان نییە جگە لە چوارینەکانی میترایەتی (چوار ڕەگەز، وەرز و با). دوازدە هێماکەش گوزارشتن لە دوازدە «ئیمام» و لە بنەڕەتدا ئاماژەن بۆ کەلووەکان (بورجەکان).

[38]- CMM, 129.

**ڕێوڕەسمی قەبەخ**

پێنجەم ڕۆژی «جێژنی جەما» ئێزدی بۆنەی «قەبەخ» ئەنجام دەدەن. دەستەیەک ئێزدی دەچنە دوندی ئەو چیایەی بەسەر گۆڕی شێخ ئادیدا دەڕوانێت و لەوێ تفەنگ گڕ دەدەن بە مەبەستی دەربڕین لە شادی و دەستپێکی ئەم ڕێوڕەسمە. پاشان لە چیا دێنە خوار بۆ مەزارگەی شێخ ئادی و لەوێ پێکەوە، ژن و پیاو، بە ئاوازی دەهۆڵ و زوڕنا، هەڵدەپەڕن. لەو دەمەدا میری شێخان گایەکی گەورە ئامادە دەکات و داوا لە ئامادەبوان دەکا لە هەموو زیانێک بیپارێزن. ئەوجا گەنجانی چەکدار گایەکە وەردەگرن و دەیبەن بۆ گۆڕی شێخ شەمس و بەڵێن دەدەن بە سەلامەتی بیهێننەوە بۆ لای گۆڕی شێخ ئادی. لەو دەمەدا ئەم گەنجانە خەریکی وێرد و نزای وەهان لای نائێزدییان بەرزانست نییە، دوو ئێزدی بە نهێنی پێدزیلەکە دەکەن بۆ نێو ئەم دەستەیە و یەکیان بە فێڵ گایەکە دەدزێت. هاوارێکی گەورە بەرز دەبێتەوە و دەمودەست ئاپۆرە دێنە دەست و گایەکە دەگێڕنەوە شوێنی خۆی بێ ئەوەی دزەکە ئاشکرا بکەن. وەهای پێشان دەدەن ناوی نازانن و پشتگوێی دەخەن. دواتر بە دڵخۆشی و شادیەکی زۆرەوە گایەکە بەرەو مەزاری شێخ ئادی دەبەن.

پاشان هۆزەکان لە شوێنێک کۆ دەکرێنەوە پێی دەگوترێت «مەیدانێ جیهاد». دە پیاوی ئازا دێنە پێشەوە بۆ پاراستنی گایەکە. لەو کاتەدا میر ڕایدەگەیەنێت گا پێویستی بە پاراستن نییە چونکە هەڵاتووە. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو دوو پیاوەی زووتر گایەکەیان دزیبوو چوونەتە ناو مەزارەوە گۆیا بەشێکن لەو دە پاسەوانەی میر دیاری کردبوون، گایەکەیان بردووە بۆ مەزارگەی شێخ شەمس. لەوێ ئاپۆرە بەدەم هەراوە، دەکەونە گیانی ئەو گایە. بە قامچی و گۆپاڵ لە گا دەدەن و پاشان سەری دەبڕن.[39]

گۆیا ئەم ڕێوڕەسمە بەشێک بێت لە چالاکییەکانی جێژنەکە، بەڵام وەها نییە. لە بنەڕەتدا بەزمێکی دینی بووە مەبەست لێی هێنانی بێر و بڕشت بووە بۆ کشتوکاڵ و ئێزدی بە شێوازی نەریتی ئەنجامی دەدەن. ئێمە نازانین سەرکردەکانیان چەند ئاشنان بەم ڕیشەیەی بەزمەکە. خاڵی هەرە دیار لێرەدا بریتییە لەوەی ئەو ئاژەڵەی دەکرێتە قوربانی گایە و گایەکەش لەبەردەم گۆڕی شێخ شەمسدا دەکرێتە قوربانی. شەمس مێهرە. بەو جۆرە دەکرێت ئەم ڕێوڕەسمە پەیوەست بێت بە میتراوە و بناخەی بگەڕێتەوە بۆ ڕاو کردن و سەربڕینی گا لە لایەن میتراوە. من لێرەدا کورتەیەک لە باسی میترا، لە نووسینی Cumont ڕادەگوێزم:

*«میترا یەکەم ئاژەڵی گرت کە گایەک بوو. ئاهورا مەزدا ئەم گایەی ئافراندبوو، میترا توانی پەلکێشی بکاتە نێو ئەشکەوتەکەی خۆی. بەڵام گایەکە توانی خۆی لەو زیندانە دەرباز بکات و میترا بە فەرمانی ئاسمان (لە ڕێی خۆرەوە) گایەکەی دۆزییەوە، خەنجەری هەتا دەسکەکەی کرد بە کەمەریدا و کوشتی.*

*لە لەشی ئەو قوربانیەی لە سەرەمەرگدایە، گشت دەوەن و ڕووەکی سوودبەخش پەیدا بوون و جیهانیان سەوزپۆش کرد. لە دڕکەپەتکەیەوە گەنم پەیدا بوو نانمان دەداتێ. لە خوێنەکەشیەوە دارمێو دەرکەوت کە مەیی پیرۆز دەدات بۆ پەنامناسی mysteries»* [40].

[39]- AHY, 128-130; SDY, 149; DPY, 157.
[40]- CMM, 132-137.

**بەزمی لێدانی گا**

لێدانی گا لای ئێزدی پێش سەربڕینی بەدەم گاڵەگاڵەوە بە قامچی و گۆپاڵ وێنەی هەیە لای زەردەشتییە درەنگەکان. «زەردەشتیەکان بەر لە سەربڕین بە تێلا لە قوربانییەکەیان دەدا».[41]

ئێزدی تەنها بۆ گای ڕێوڕەسمی «قەبەخ» شوێنپێی ئەو نەریتەی زەردەشتییان دەگرنە بەر، نەک بۆ سەربڕینی گشت ئاژەڵێک. ئەمە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە کە سەرچاوەی ئەم بەزمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی بەر لە ئیسلام.

**خوانی چلمێران**

دەڵێن شێخ ئادی چل پەیڕەوی گوێڕایەڵی هەبووە دڵسۆزانە خزمەتیان کردووە و سەرکردەی ئەو چل کەسە «فەخر چلمێران» بووە. ئەم کەسە خەڵکی «عەین سوفنی» بووە بۆیە مۆنومێنتێکیان لەوێ بۆ دروستکردووە. کاتێک جێژنی جەما دەگاتە کۆتا گا دەکرێتە قوربانی و باش دەکوڵێندرێت. ئێزدی ئەم خوانە ناو دەنێن «خوانی چلمێران» و گشت ئێزدییانی تێدا بەشدار دەبن بۆ ئەوەی پشکیان لە گۆشتەکەدا هەبێت. هەریەک لە میر، «وەزیر شێخ» (؟) و «بابە شێخ» پارچەیەکی گەورە لە مەنجەڵەکە دەردێنن و بەسەر خەڵکەکەدا هەڵی دەدەن. ئاپۆرەی ئامادە دڵگەرمانە دەیگرنەوە و دابەشی دەکەن تا هەر کەسێک پارچەیەکی بەرکەوێت هەرچەند بچووکیش بێت. هەیشە دەست دەخەنە گوشتاوە کوڵیوەکە بەو باوەڕەی کە هەرکەسێک پارچەیەک لەو گۆشتە بخوات، هەرچەند بچووکیش بێت، بەشێک لە «ڕاستینە» (حەقیقەت) بەدەست دەهێنێت.[42]

بڕوام وایە ئەم بەزمە لاوێنەیەکی ئەو ڕێوڕەسمانە بێت لە جێژنی دینیدا بە بۆنەی ئەندامەتی پیادە دەکران. ئەو ڕێوڕەسمانە، کە گایان تێدا دەکرایە قوربانی، بۆ نەخشاندنی دواخوان بوون کە میترا لەگەڵ هیلیۆس و یاوەرانی دیکەی ئاهەنگی بۆ دەگێڕا بە بۆنەی کۆتاهاتنی تێکۆشینی هاوبەشیان بەر لە هەڵکشانیان بۆ ئاسمان.[43]

ڕێبازە باتینییەکانی دیکە ئەم ئێوارەخوانەیان لە کۆتای بەزمی ئەندامەتیدا هەیە. بۆ نموونە بەزمی کاکەیی و عەلییەلاهی لەو جڤینەی پێی دەڵێن «جەم» یان بەکتاشی لە «ئایینی جەم» («جەم» لاوێنەی «جمع» ـە و «ئایینی جەم» لە بنەڕەتدا «عین الجمع»ـە).

**سەرچاوەی چلمێران**

چلمێران، کە ئێزدی سەرچاوەیان لەیادکردووە و پێیان وایە چل موریدی شێخ ئادین، ئەو چل گیانە پیرۆز و بەرزەن کە تێچێنی مرۆڤی خاوەن کەسایەتیی ناودار کراون. لە نێو ڕێبازە جۆراوجۆرەکاندا، بە گوێرەی جیاوازیی نەریت و باوەڕیان، بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی مرۆڤاندنی[44] ئەو چل کەسە. «چل پیرۆزان» یارانی مرۆڤێنراوی یەزدانن، و لە ڕاستیشدا هەمان بوونی ئەویان هەیە. ئەوان یەکانگیریی گیانییان هەیە وەک ئەوەی یەک گیان بن.

---

41- ZZD, 42, 52.
42- AHY, 131-132.
43- CMM, 138.

44 – مرۆڤاندن: مۆڤرێژکردن، Anthropomorphism، بەخشینی خەسڵەتی مرۆڤکارە بە نامرۆڤ، وەک خوداوەند، گیانەوەر و کەلوپەل.

لای سۆفییەکان، ئەم «چل پیرۆز»ە، هەر ئەوانەن لە یەکەم گردبوونەوەدا بەشداربوون کە بۆ جقینی کۆتای هەڵکشان (میعراج) ـی محەمەد بەسترا و تێیدا محەمەد خۆی سەرۆک بوو. بەڵام لای باتینییەکان عەلی سەرۆکایەتی دەکرد و محەمەد پاش نزا ئەوجا بەشداربوونی لێ سەلمێنرا و لەم جقینەشدا بوو محەمەد سروشتی ڕاستینەی خودابوونی عەلی تێگەیشت.

کاکەیی بەم چل پیرۆزە دەڵێن «چل تەن»، بەکتاشی بە «کرکلەر» (چلان) ناوزەدیان دەکەن و «کرکلەر مەیدانی» ئەو هۆبەیەیە شەوان «ئایینی جەم»ی لێ دەبەستن.

سەرچاوەی ئەم ژمارە پیرۆزە دەگەڕێتەوە بۆ چل ڕۆژی نێوەڕاستی هەردوو وەرزی زستان و هاوین و دبنە بنەما بۆ داستانی پەیوەست بە وەرز، کشتوکاڵ و مرۆڤاندنەوە.

**بەزمی «شیڤی یەزدانی» Eucharist**

**لە میترابیدا**

دوور نییە سەرچاوەی ئەم بەزمە لە میترابیدا بگەڕێتەوە بۆ بەزمی نان و ئاوی پیرۆزی تێکەڵ بە نۆشاوی «هوما»ی زەردەشتیان، کە میترایی وەریان گرتووە بەڵام بە گۆڕینی مەی لەبری هوما کە ئاشنای نەبوون.

لە «شیڤی یەزدانی»ی میترابیدا جامی ئاوی تێکەڵ بە شەراب و برێکی زۆر نان لە پێش کۆڕدا دادەنرا و موغ نزای دینی بەسەردا دەخوێند.[45]

**لە سۆفیگەریدا Mysticism**

ئەم «شیڤی یزدانی»یە لە جقینی چل پیرۆزاندا – کە باسی هات – پەیڕەو دەکرا و لەوێدا چل پیرۆزان خۆشاوی ترێیەکیان نۆش دەکرد کە یەک لە بەشداربووان هاڕیبووی. بەشێک دەڵێن ئەو کەسە محەمەدە و بەشێک دەڵێن سەلمانە.

ڕێبازەکانی سۆفیگەری ئەم بەزمە پەیڕەو دەکەن و تێیدا ڕێباز هەیە خۆشاوێکی شیرین نۆش دەکەن هەیشە خۆشاوێکی ئارامیبەخش Intoxicant.

باتینییەکان باس لە بەزمی خوێنبەربوون دەکەن لە یەکەم جقینی پەنامی چل پیرۆزاندا.

**لە ئێزدایەتیدا**

لای من گونجاو نییە دەستووردانەری فرەزانی ئێزدایەتی ڕێوڕەسمی وەها گرینگی وەک «شیڤی یەزدانی» وێڵ بکات کە هێمای سوێندخۆرییە بۆ پابەندبوون بە باوەڕەوە.

---

45- CMM, 158.

گەرچی بەزمی نان و شۆربا[46] کە لە ڕۆژانی جیێژنی جەمادا بەیانیان دەچەرخا و بەزمی نان و ئاوی ڕۆژانی «عەرەفات» (نۆهەمی ذي الحجة)، ڕۆژی بەر لە جیێژنی قوربان،[47] هەردوویان دەکریێت بە «شیڤی یەزدانی» دانریێن، دڵنیام لەوەی بەزمی ئاو و قوڕ (بڕوانە سەنجاق، بەرات و قەوال) کە لە ڕیێوڕەسمی سەرەدانی سەنجاقدا پیادە دەکریێت، بەزمی «شیڤی یەزدانی»یە. ئەم بەزمە لە زەماوەندیشدا پەیدایە. لە کۆتای ڕیێوڕەسمی زەماوەنددا، بووک و زاوا لە پارچە نانیێک دەخۆن لە خانووی شیێخەوە هیێنراوە[48] و ئاویشی لەگەڵ دەخۆنەوە. لەوەشە پارچەیەکی بچووک لە خاکی شیێخ ئادی، لەبری نانەکە، بیێتە خواردن.[49]

**مۆرکرن** Baptism

یەک لەو بەزمانەی ئیێزدایەتی بە میرات لە میترایییەوە بۆی ماوەتەوە، مۆرکردنە. ئیێزدی بۆ مۆرکردن سیێ جار سەری زارۆی خۆیان لە ئاوی «کانیی سپی» هەڵدەکیێشن. گەر هاتوو بارودۆخ ڕیێگر بیێت لە مۆرکردنی زارۆ بە منداڵی ئەوا ئەو مۆرکردنەوە لە هەر تەمەنیێکی دیکەشدا ڕەوایە.[50]

لە باسی مۆرکردن لە میترایەتیدا، Cumont لە پەیدۆزیی ململانیێی نیێوان میترایەتی و مەسیحایەتی لە سەدەی سیێهەمدا دەڵیێت:

*«ئەو بەزمانەی هەردوو لا پیادەیان دەکرد ویێکچوونی زۆر بوو. پەیڕەوانی میترای خودای فارسی، وەک مەسیحییەکان، خۆیان بە مۆرکردن خاویێن دەکردەوە».*[51]

---

[46]- SDY, 196.
[47]- AHY, 126-127.
[48]- AHY, 98-99.
[49]- Ibid.
[50]- DPA, 159-160.
[51]- CMM, p 190.

## پاژی چوارەم: شۆپی میترایەتی لە هەندێک هێما و نەریتی ئێزدایەتیدا

### نیشان

پاش کۆتاهاتنی «خوانی چلمێران»، بریکارانی میر سەربەندی سپی لە سەری ئێزدیان گرێ دەدەن و ئەمانیش مزەیان دەدەنێ و پاشان یەکیەک یان دەستەدەستە دەگەڕێنەوە وەڵاتی خۆیان. [52] ئەوەی نووسەران بە سەربەندی ناوزەد دەکەن بریتییە لە پارچەیەک بەندی سپی. ڕێبازی باتینی دەڵێت ئەم بەزمە بۆ یەکەم جار لە کۆتای «شیڤی یەزدانی»ی جڤینی «چل پیرۆزان»دا هاتە چەرخاندن.

لە میتراییدا ئەم نیشانەیە دەدرایە ئەندامانی نوێ.

### بەرات

مەرجە گشت ئێزدییەک ڕێنامەی خۆی پێبێت و هەمیوو بەیانی و ئێوارەیەک، بۆ خۆپارێزی لە بەدبەختی، ماچی بکات. ئەم ڕێنامەیەی پێی دەگوترێت «بەرات» بریتییە لە گۆیەکی بچووک بە ئەندازەی گوێزێکی فوندوق، «قەوالەکان» لە خاکی پەرستگەی شێخ ئادی و ئاوی پیرۆز دروستی دەکەن و دەیفرۆشن بە حاجییان و گەشتیارانی ئێزدی بۆ سەنجاق. جگە لەوە، قەوالەکان ئەو خاکە لە شێوەی خۆڵیشدا دەفرۆشن. ئێزدیان خۆڵەکە دەبێت بخۆن و لەوانەیە گۆیەکانیش بخۆن.[53]

دەشێت ئەم ڕاگواستەیە ئاماژەیەک بێت بۆ سەرچاوەی میترایی ئەو ڕێنامەیە:

> *«سانت ئاوگوستین St. Augustine باس لەو بەردە نەخشینانە دەکات کە لە کۆتای ماوەی تواناداوزیدا دەدرایە تازەپەیڕەوان وەک نیشانەیەک بۆ پێشوازی لەم پەیوەستە و پەسەندبوونیان لە لایەن ئەندامانەوە».* [54]

### قەوال

میترا بە خۆر دیاری کراوە و یارانی میترا خۆیان بە «یارانی خۆر» Runners of the Sun (Heliodromus) کە لە میترایەتیدا ناو بوو بۆ ئەندامانی پلەی شەشەم.[55]

ڕێکەوتێکی سەرنجڕاکێشە کە کارکرد و ناوی بەشێک لە ئەندامانی توژێک، بۆ نموونە «قەوال»ـەکان، هەمان کارکرد و ناوە لای «یارانی خۆر»ی میترایی.

یەک لە ئەرکەکانی قەوال یاوەریی «سەنجاق»ـە لە گەشتی خۆی بە نێو ئێزدیاندا بە بۆنەی بەزمی ناساندنی ڕێورەسمی پەرەستن. جگە لەوەش میر، ئەم قەوالانە وەک باڵیۆز، دەنێرێتە نێو ئێزدیانی دوورەوەڵات.

---

[52]- AHY, 132.

[53]- بۆ وردەکاریی بەکارهێنانی بەرات و خۆڵەکە بڕوانە: SDY, 65, 66, 137-138; Hay, 93, 98-99, 120.

[54]- EWTM, 155.

[55] CMM, 152, 154.

قەوال لە نێو ئێزدیاندا بە «تازی» (تانجی) ناوزەد دەکرێن و خۆشیان پێیان خۆشە، گۆیا شێخ ئادی وەهای ناوزەد کردوون چونکە لە خزمەت ئەودا وەک «تازی / تانجی» بوون.[56]

وشەی «تاژی» یان «تانجی» یان «تازی» لە زاراوە کوردییەکاندا ناوە بۆ Saluqi dogs، بەڵام واتای ڕەسەنی دەکاتەوە «ڕاکردن running» و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ «تەچ- -tach» ی ئاڤێستایی.

**سەنجاق**

هێمای هەرە گرینگی فرە ناوداری ئێزدییان شاهێما Standard یەکە بەناوی «سەنجاق» کە بەهەڵە پێی دەگوترێت «تاووس». ئەم مەلە تاووس نییە. لە «فەتوا»ی شێخ «ئەلڕەبتەقی»-دا، کە پاشان باسی دێت، ئەم سەنجاقە بە «شاهێمای شێخ ئادی» ناوی هاتووە. «سەنجاق» لە زمانی تورکیدا بە واتای «ئاڵا، پەرچەم standard» دێت. ئەم وشەیە لە سەدەی یازدەدا برەوی پەیدا کرد. ئەو دەمە سەلجووقییەکان وەک هێمایەک بۆ خۆڕێبەری بەکاریان دەهێنا.

ئێزدیی ئەم سەردەمە هەفت سەنجاقیان هەیە کە ڕێک دێت تەک ژمارەی ئەو هەفت فریشتەیەی نوێنەرایەتیی «تاووسێ مەلەک» دەکەن و هەر هەفتیشیان یەکن.

ئەم سەنجاقی ئێزدایەتییە، بە دیدی من، شێوەیەکە لە شاهێمای «هەترا»ی میترایی. شاهێمای هەترا پێکهاتووە لە چەند هێمایەک بە ستوونێکەوە بەندن کە دوندەکەی سێگۆشەیەکی دەمەداسە. لە نێوەڕاستدا هەڵۆیەکی تێدایە لە شێوەی ئەو هەڵۆیەی نوێنەرایەتیی ئاسمان دەکات و لە تەنەیشت شاهێماکەوە دیارە.[57]

سەنجاقی ئێزدییان پێکهاتەی دوو بەشە، یەکیان ئەوەیە «عەبدولرەززاق ئەلحەسەنی – عبدالرزاق الحسني» - کە دۆزەریەتی – ناوی ناوە «بالیف» Cushions،[58] و دووهەمیان جامێک ئاوی خواردنەوەیە.

بە بۆچوونی من ئەوەی پێی دەگوترێت «بالیف» هەمان پەردەیە کە لە پشت شاهێمای هەترای میتراییەوە دادراوەتەوە. جامەکەش وەک دەزانین ئەو جامە پیرۆزەیە کە قەوالەکان ئاوی پێ دەدەن بە ئێزدییان بەدەم ناساندنیان بە سەنجاق. هەر لەم بەزمەشدا بەرات و هەروەها گڵی مەزارگەی شێخ ئادی دەدرێتە میوان و میوانیش، بە یارمەتیی ئاوەکەی قەوال بە جامی پیرۆز دەیانداتێ، قووتی دەدەن. (بڕوانە بەشی بەرات و «شیڤی یەزدانی»).

**دوو ئەفسانەی دیکەی میترایی لە ئێزدایەتیدا**

یەکەم – ئێزدی باوەڕیان وایە «کانیی سپی»ی نێو ئەشکەوتی مەزارگەی شێخ ئادی یەکێکە لە پەرجوو [معجزة – miracle] -ەکانی خۆی، بڕوانە سێهەم دێڕی ئەو قەسیدەیەی بۆ شێخ تەرخانە.[59]

---

[56] SDY, 51-53.
[57] See 9-a piture of Nov. the 17th 1951, the Illustrated London News.
[58] AHY, 47, 48.
[59] SDY, 94, 95.

بەکتاشیانیش بڕوایان هەیە بەوەی کانییەکەی نێزیک گوندی «حاجی بەکتاش» (لە تورکیە) پەرجووی حاجی بەکتاشە. سەیریش ئەوەیە ناوی ئەم کانییە بە زمانی تورکی «ئاک پونار Ak Punar»-ە کە دەکاتەوە کانیی سپی.

ڕیشەی ئەم داستانە دەگەڕێتەوە بۆ میترا. میترا، بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لەو وشکانییەی زەویی پۆشی بوو، تیری هاوێشتە بەرد و ئاوی لێ هەڵقوڵاند.[60]

«باتینی»یەکانی ئێران بڕوایان هەیە بەوەی ئیمام عەلی چەندین کانیی تەقاندۆتەوە. لەبەر ئەوەیە بۆچوونێک لە شاری سولەیمانی و دەوروبەری هەیە دەڵێت کانیی سەرچنار، کە گەورەترین سەرچاوەیە لە دەوروبەری شار، بە وەشاندنی شمشێرەکەی ئیمام عەلی کە ناوی «ذولفەققار – ذو الفقار»ە، هاتۆتە جۆش. ئەم باوەرە پاشماوەی ئەو سەردەمەیە کە دیدی باتینی لە شارەزوور برەوی سەند بوو.

کانیی سەرچنار لە دێرزەماندا وارێکی پیرۆز بووە. بە بۆچوونی من، لە سەردەمی پێش ئیسلامدا وارێکی پیرۆز بووە بۆ پەرستنی «ئەناهیتا» Anāhitā ی خوداوەندی ئێرانیی ڕوبار، کانی و مایەگیران fertility. لەوانەیە سەرچنار هەر ئەو پەرستگەی Aneia یە بێت کە Strabo ئاماژەی پێ داوە کە نێزیک کەرکووکە.[61] وشەی Aneia لاوێنەی وشەی Anaitis یە کە شێوەی گۆکردنی وشەی ئەناهیتا Anāhitā یە بە زمانی یۆنانی. هەر لەو دەوروبەرە گوندێک هەیە بە ناوی «زەرگەتە»، وشەی «زەرگەتە» دوور نییە لاوێنەی «ئازەرکەتە» بێت کە دەکاتەوە «پەرستگەی ئاگر».

دووهەم – ئێزدی باوەڕیان وایە کە ڕۆژی بووژانەوە (قیامەت) شێخ ئادی، بێ لێپرسینەوە و سزا، ئێزدییان دەباتە بەهەشتەوە.[62]

لە میتراییشدا، میترا وەک باوکێکی یەزدانی چۆن پێشوازی لە منداڵی دوورەوەڵاتی خۆی دەکات، لە واری درەخشاندا پێشوازی لە میتراییەکان دەکات.[63]

**مەلەک-و-س-سەلام، میران بن نوح**

لە «مەسحەفا ڕەش»ـدا هاتووە ئێزدییان نەوەی «مەلەک-و-س-سەلام – ملک السلام» و «میران بن نوح»ن. پێم وایە ئەم دوو ناوە تایبەتن.

**مەلەک-و-س-سەلام**

لە باوەڕی «ئیسماعیلی»ـدا، «مەلەک-و-س-سەلام» دەبێتە «خودانی کات» (صاحب الزمان)، سێهەمی ئەو شەشەیە کە یەکی هەزار ساڵ جارێک، لە چەرخێکی هەفت هەزار ساڵیدا، پەیدا دەبن. هەر یەک لەمانە بە

[60] CMM, 197, 228.
[61] Strabo, iii, p. 144.
[62] PSM, 371; and DPA, 25; and SDY, 435.
[63] CMM, 145.

یاوەریی یەک لەو شەش پەیامبەرەی ئادەم هەتا محەمەد هاتووە. فریشتەی هەفتەم «مەولانا حەسەن» (1146 A.D.)، کە فریشتەی بووژانەوەی مەزن بووە.[64]

«مەلەک-و-س-سەلام» لە سەردەمی پەیامبەر ئیبراهیمدا ژیاوە و هەر خۆیەتی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم. ئیبراهیمی بابی ئامۆژگاری وی بووە. ئیسماعیلیگەل بە «ئۆشێدەر» Oshêdar و «ئۆشێدەرماهـ» Oshêdarmāh ناوزەدی دەکەن. ئەمیان لە نەریتی زەردەشتیدا، زەردەشت ئامۆژگاری بووە و لە کۆتای سەردەمی ئیبراهیمدا خویا بووە.[65]

دەبێت بڵێم نازانم چۆن «مەلەک-و-س-سەلام»ی تایبەت بە ئیسماعیلی هاتۆتە نێو ئێزدایەتییەوە، بەڵام پەیوەستی نێوان «مەلەک-و-س-سەلام» و «ئۆشێدەر» و «ئۆشێدەرماهـ» ڕوونە. زەردەشتی دەڵێن زەردەشت سێ کوڕی هەبووە: «ئۆشێدەر» Oshêdar، «ئۆشێدەرماهـ» Oshêdarmāh و «ساوشیانس» Saoshyāns. یەک بە دوا یەکدا نێوانیان هەزار ساڵ بووە. ئەمانە دەبوونە «خودانی کات». لە سەرەتای هەزارەی «ئۆشێدەر» و «ئۆشێدەرماهـ»ـدا دینی زەردەشتی تازەبۆتەوە. لە سەردەمی «ساوشیانس»ـدا دەگەینە بووژانەوە؛ پاش ئەوەی مرۆڤ بە گۆمی میندا تێدەپەڕێت و بەپێی شێوازی ژیانی خۆی لەسەر زەوی بەرکەوتی دەبێت، ئەوجا دەگاتە ژیانێکی کامرانیی سەرامەد.

**میران**

«میران» گۆکردنی کوردانەی وشەی «مێهران»ـە کە لاوێنەی «میترا»یە. چونکە «میترا» لە سەدەی یەکەمی زایین و بەدواوە بە «مێهر» گۆ کراوە و وەک زووتر ئاماژەی پێ کرا، بووە ناوی خودای خۆر و پارێزەری پەیمان و باوەڕ. پاشگری «ان» بۆ کۆی ڕێزدارییە وەک ئەوەی لە «یەزدان»ـدا هەیە. دروستەوشەی «مێهران» میراتی سەردەمی ساسانیانە و هەتا ئێستاش لای فارس و ئەرمەنی برەوی هەیە، بەڵام گۆکردنی وشەکە لای کورد بۆتە «میران» و هەتا ئەمرۆش بەکارە.

لەوانەیشە ئەو ناونیشانە ڕێزدارییەی «میران»، کە کورد بۆ کەسانی وەک «میران سیدیق بەگ» بەکاری دەهێنن هەمان ڕیشەی هەبێت یان نەبێت چونکە ئەم وشەی «میر» و «میران»ـە لەوانەیە لە «ئەمیر - أمیر» ی عەرەبییە هاتبێت.

بەڵام دڵنیام لەوەی «میران»ی «مەلەک-و-س-سەلام» لە «مێهر»ی ئێرانییەوە هاتووە، لەم بارەشدا، دوور نییە پەیوەستی ئێزدییان بەم «میران شا» یە پایەدارەوە ڕیشەی هەبێت لە مێژووی لەبیرکراوی میرەکانیاندا. تۆبڵێی باوەگەورەی میرانی ئەمرۆیان میترایی بووبێت؟

[64] HBI, 39-42, and introduction 010, 011, 015.
[65] Ibid.

## پاژی پێنجەم: ئێزدی دێو ناپەرستن

### باسی یەکەم: «تاووسێ مەلەک»

#### *گۆکردنی دروستی ناوەکە*

ئەم ناوە زۆر جار بە «تاووس مەلەک» دێتە گۆکردن کە دەکاتەوە «فریشتە تاووس» بەڵام گۆکردنی دروستی ناوەکە، وەک ئەوەی ئێزدی بۆ خۆیان دەیڵێن، «تاووسێ مەلەک» Tāwûs ê Melekـە، ئەو «ێ ê» ی کرمانجیی ژووروو بۆ خستنەپاڵ (ئیزافە) ـە و دەبێتە «تاووس - ی فریشتەگەل».

#### *بەکارهێنانی ناونیشانی «تاووس»*

ناونیشانی تاووس وەک هێمایەک بۆ پایەداری و ڕێز، وەک پەژراندنی سەروەری، مەزنایەتی و بەرزی، لەمێژە لای سۆفییان برەوی هەیە. لە سەدەی نۆهەمدا بە عاریفی گەورە «بایەزیدی بەستامی» -یان دەگوت «تاووسی عارفان». خۆم کتێبێکم هەیە دەربارەی سۆفیگەری ساڵی 1431 پەخش کراوە، تێیدا جوبرائیل بە «تاووسی فریشتەگەل» ناوزەد کراوە.

لە ئەدەبی کلاسیکی فارسیدا دەبینین خۆر بە «تاووس-ی ئاتەشپەر» و هەروەها «تاووس-ی علوی ئاشیان» [تاووسی هێلانە باڵا] باس دەکرێت.

#### *«تاووسێ مەلەک» هەر خۆی «جوبرائیل»ـە، خوداوەندی خۆرە، «مێهر / میترا»یە*

پێم وایە پێشنیازێکی نەگونجاو نییە گەر بڵێین دامەزرێنەری خۆرپەرستیی ئێزدایەتی ناونیشانی «تاووسێ مەلەک»ی دابێتە جوبرائیل-ی سەرۆکی چوار فریشتە. پاشان کە ژمارەی فریشتەکانی هەڵکشاند بۆ هەفت، بۆ ئەوەی هاوشانی هەفت خوداوەندی میترایی بن، سەروەریی تاووسێ مەلەک بەسەر هەر هەفت فریشتەدا سەپێندرا و بووە هاوشانی خودای خۆر: مێهر (میترا). لە ڕاستیشدا سەرۆکی قەوالەکان بە خاتوو درەوەر Lady Drower ی گوتووە تاووسێ مەلەک سەرۆکی فریشتەکانە و هەر خۆی جوبرائیلە.[66]

#### *«ئیبلیس» (إبليس) (شەیتان / دێو) جن بووە*

ئاشکرایە کە ڕێبەرانی دین جڵەوی دینیی گەل توند دەگرن و خۆیان دەکەنە شاسەرچاوەی دین. لەبەر ئەوە گەل نەیتوانیوە خودایەکی نوێ پەیدا بکات و ئەو ڕێبەرە باڵا دینییە، کە خۆی خوداوەند بووە، ناچار بکات ئەم خودا نوێیە بپەرستێت. کەواتە، سەختە بڕاو بهێنین بەوەی شێخانی ئێزدی، کە سۆفیی زانا بوون، بتوانن ورد و کارامە لە پارچەی هەڵبژاردەی دین و فەلسەفەی جۆراوجۆر دینێکی تازە هەڵبەستن بەڵام نەتوانن جگە لە

[66] DPA, 92.

ئیبلیس چ فریشتەیەکی دیکە بدۆزنەوە سەرۆکایەتی ئەو هەفت فریشتەیە بکات. بەتایبەتیش کە ئیبلیس فریشتە نییە، بەڵکوو جنە. خودای هەمەتوان دەڵێت:

*«کاتێک بە فریشتەکانمان گوت سوجدەت بۆ ئادەم بەرن، سوجدەتیان برد بەڵام ئیبلیس نا، ئەو لە جن بوو، فەرمانی خودانی خۆی شکاند».*[67]

### ناشێت کتێبی «جلوە» بەرهەمی خودای بەدکاری بێت

بۆ پەژراندنی ئەوەی ئێزدی خودا ئێرانییەکەی بەدکاری دەپەرستن دەبێت بیسەلمێنین کە کتێبی «جلوە» گوتاری خودای بەدکارییە. بەڵام ئەمە خاڵێکی ناجۆرە چونکە تاووسی فریشتەکان بۆ سزادانی دوژمنان چیدی توندتر نابێت لە میترا، لەبەر ئەوەی میترایە پارێزەری مرۆڤ لە فریودان و نانەوەی دوژمنایەتی لە لایەن شەیتان و پەیڕەوانی شەیتانەوە، میترایە بەخشەندەی مێهرەبانی، میترایە «خێڵ و گەلانی دوژمنکار ڕیشەکێش دەکات»[68] (هەروەها بڕوانە پاژی یەکەم، جلوە).

### بەراوردی نێوان «تاووسی مەلەک» و «دێو»

| دێو (شەیتان) | تاووسێ مەلەک |
|---|---|
| جنە و ئاگرزادەیە | خودازادەیە |
| دەرکراو، نەفرەتی و پیسە | یاوەری یەزدانە بۆ پاراستنی جیهان |
| دوژمنی مرۆڤایەتییە | دوژمنی مرۆڤایەتی نییە |
| چ دەسەڵاتێکی بەسەر مرۆڤدا نییە | دەسەڵاتێکی پیرۆزی بەسەر مرۆڤدا هەیە |
| مرۆڤ فریو دەدات و هەوەسکێشی دەکات | مرۆڤ نە فریو دەدات نە هەوەسکێشی دەکات |
| بەرمەرگە و فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە | خودایەکی سەرامەدە |

[67] [«وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ»] (الكهف 50).

[68] FMM, 4.

### *میترا و «تاووسێ مەلەک»*

ئەو بەڵگەیانەی بە وردی لە «مەسحەفا ڕەش»ـم هەڵێنجاون پێشانی دەدەن کە ڕیشەی هەفت فریشتەکەی ئێزدی دەگەڕێتەوە بۆ هەفت فریشتە هەسارەی میترایی و «تاووسێ مەلەک» دەکاتەوە خۆر، واتە میترا (بڕوانە پاژی پێنجەم، باسی یەکەم).

بەڵام ویکچوونەکە هەر بەمەندە تەواو نابێت، تەنانەت پلەوپایەی ئەو فریشتانە لە ڕیزبەندیدا هاوڕەنگە. Cumont دەڵێت میترا ویکچووی Logosی دێرینە — کە زادەی یەزدانە و هاوبەشی هێزی وییە.[69] دەشێت تاووسێ مەلەک لە باوەڕی ئێزدایەتیدا زادەی یەزدان بێت، وەک یاوەریش بەرپرسی پاراستنی جیهان بێت. ئەوجا لەمەوە، شەش فریشتەی دیکە، کە لەتەک خۆیدا یەک ماکن، دێنە ئافراندن.

## باسی دووهەم: گوناهبارکردنی ئێزدایەتی بە دێوپەرستی

### *خوداڕێژکردنی[70] «یەزید»*

ئێزدی هەرگیز هەوڵیان نەداوە ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە شێخ ئادی-یان لا پیرۆزە. ئەوجا لەوەش بەولاوە «یەزید بن موعاویە» یش لایان پیرۆز و پایەدارە. لەوە دەچێت یەزید وەک هێمایەکی بەرگری سەلمێندرابێت لەو دەمەدا کە پێگەی «عەدەوی» ‘Adawî’ کەوتە بەر هەڕەشەی «عەلید بابایی» ‘Alid Bābāyî’ کە بە یاوەریی دەیان هەزار دەروێشەوە لە خۆراسانەوە، لە ترسی مەنگۆلەکان، پەنایان هێنا بۆ شنگال و چیاکانی دیکەی کوردستانی عیراق.

«عەدەوی»ی شێخی زەمان دژ بە هەڵبژاردنی یەزید بوو. لەڕاستیشدا، پیرۆزاندنی ئەم کەسایەتییە هەرە نەفرەتلێکراوەی ئیسلامەتی، دەرهاویشتەی نەخوازراوی بۆ ئەم ڕێچکەیە هەبوو. چونکە، وەک ئەنجامێکی ئەم هەڵوێستە، ڕێچکەکە لە لایەن دونیای ئیسلامەوە ڕەت کرایەوە و تۆمەتەکانی پاشان ئاراستەیان کرا، بەو بۆنەیەوە، پتر جێگیر بوون، بەتایبەتیش تۆمەتی «دێوپەرستی».

### *تۆمەتەکان*

تۆمەتەکان سەرەتا وەک بوختانی هەڵبەستراو دژ بە باوەڕ، دین و پیرۆزییان بڵاوکرایەوە، پاشان بە تۆمەتی دێوپەرستی لێیان گیر کرا. بەڵام بە پێشکەشکردنی بەڵگە دەربارەی ئێزدایەتی و ئەم «دێوپەرستی»یە هەڵبەستراوە، بۆچوونی من ئەوەیە لە ڕاستیدا چ بەڵگەیەکی دابڕ نییە بۆ ئەم تۆمەتە. ئەمیش وەک تۆمەتەکانی دیکە هەڵبەستنی دوژمنکارانەیە توندڕەوەکان ئاراستەی ئێزدی و ڕێچکە و بەزمەکانیان دەکرێت. لێرەدا ئێزدی هەر وەک کاکەیی و قزڵباشی نەهامەتییان چێشتووە بەڵام تەنها ئەمان بە دێوپەرست گوناهبار کراون.

---

[69] FMM, 140.

[70] – خوداڕێژکردن: پیرۆزاندن *Deification.*

دوژمنکارەتی و بێڕەوشتی سوودی تەواوی لەم تۆمەتبارکردنە وەرگرت و بووە هاندەری دەرکردنی فەتوای ناڕەوا بۆ دوژمنایەتی ئەم ڕێچکەیە، کوشتنی ئەندامانیان و زەوتکردنی سامانیان.

### *فەتواکان*

### *ئێزدایەتی پاش نیوەندی سەدەی هەژدەهەم ئەوجا گوناهی دێوپەرستیی درایە پاڵ*

دەملووجی دەڵێت یەکەمی ئەو فەتواگەلە پێدەچێت فەتواکەی شەیخولئیسلام ئەبوو سعوود ئەلعیمادی (1490-1574) بێت.[71] لەم فەتوایەدا هاتووە: «خۆشەویستیی تەواویان بۆ شەیتانە و هی ئەویش بۆ ئەمانە و بڕواشیان وەهایە شەیتان تاووسێ مەلەکە».

دەربارەی ئەم فەتوایە، دەملووجی دەڵێت: «ئەمە بەرهەمی گەمژەیەکی نەزانە، من بڕواناکەم ئەمە موفتی ئەلعیمادی بێت».[72] دەملووجی لەو پەیامەیدا دروستی پێکاوە و چوار هۆکار هەیە دەیسەلەمێنن کە ئەم فەتوایەی دەڵێت ئێزدی بە شەیتان دەڵێن «تاووسێ مەلەک» بۆ یەکەم جار لە دواى نیوەندی سەدەی هەژدەهەمەوە نووسراوە. ئەمەش هۆکار:

- «شەرەفنامە»ی میر شەرەفخانی بدلیسی، کە زاناترین کوردناسی ئەو سەردەمە بووە، ساڵی 1596 تەواو بووە و چ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ دێوپەرستی لە نێو ئێزدییاندا. لە بابەتی سەروەرانی جزیردا بڕگەی تێدایە دەربارەی دینەکەیان دەڵێت:

> *بۆ ماوەیەک بوونە لایەنگری نەریت و ڕەفتاری ناڕەوای یەزیدییانە بەڵام لە کۆتادا وازیان لەو ناڕەواییە هێنا و گەڕانەوە بۆ بڕوای پیرۆزی خۆیان.*

هەروەها لە باسی ڕەفتار و فەرمانرەوایی خێڵی «دونبولی»ـدا ئێزدایەتی بە «نالەبار» دەناسێنێت.[73]

- «ئەولیا چەلەبی»ی گەشتەواری تورک، ساڵی 1654 گەشتی شنگالی کردووە و تۆمەتی پووچی دژ بە ئێزدییان نووسیوە، باس لە دێوپەرستی و لە تاووسێ مەلەک ناکات.
- وێڕای ئەو هەموو تۆمەتە ساختەیەی دژ بە ئێزدییان هاتووە لە فەتوای شێخ «عەبدوڵا ئەلڕەبتەکی»، کە مەلایەکی کورد و دەراوسێی ئێزدیانە، ساڵی 1724[74] نووسراوە، دیسان چ ئاماژەیەک بە تاووسێ مەلەک و بە دێوپەرستی نییە.
- لەم فەتوایەی سەرەوەی شێخ عەبدوڵادا، ئەو شاهێمایەی ئەمرۆ بە تاووس ناوزەد دەکرێت بە «شاهێمای ئادی» ناوی هاتووە.[75] ئەمیش بەڵگەیەکی ڕوونە کە ئێزدی بە دێوپەرستیی گوناهبار

[71] SDY, 428-433.
[72] Ibid, 433.
[73] Sharafnama, Petersburg ed., 115, 312.
[74] SDY, 433-439.
[75] SDY, 435.

نەکراون و تەنانەت «تاووسێ مەلەک»ی فریشتەی وان لای کەسانی دیکە هەتا نێوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم باسی نەبووە.

باسێکی هەرە پاتەوپات دەربارەی خۆرپەرستی و دێوپەرستیی ئێزدیان گوتارێکی محەمەد ئەمین ئەلعومەری (محمد أمین العمري) ـیە کە نووسراوی ساڵی 1785ـە.[76]

**باسی سێهەم: ئەنجامگیری**

***لەڕاستیدا، ئێزدی باوەڕی بە بوونی دێو نییە***

زووتر، لە باسی ئافراندندا، ئاماژەم دا بەوەی «باتینی» کە باوەڕیان وایە گەردوون بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ماکی یەزدان، باوەڕیان بە بوونی دێو نییە.

هەر لەبەر ئەوە، ئێزدیش کە هێندە هاوبەشن لەم باوەڕەی ئافراندندا، بوونی دێو ڕەت دەکەنەوە. هەر بۆ نموونە، لە باوەڕی ئیسماعیلیدا دەربارەی ڕیشەی دێو، ناسری خوسرەو (سەدەی یازدە) دەڵێت: «ئارەزووی پەڕگیر دێوی دڵە».[77] موستەنسیر بیللاھ (مستنصر باللە)، نیزاری ئیسماعیلیی سەدەی پازدەش دەڵێت:

> *هەر دیاردەیەکی باشی دێتە ڕێت سەرچاوەی خودا و تیشکی هۆشی خۆتە، هەر بەدایەتییەکی بێتە ڕێت سەرچاوەی دەروونی خۆتە.*[78]

پەیوەست بەوەی تاووسێ مەلەک واتا دێو، سەرۆکی قەوالەکان بە خاتوو درەوەر Lady Drower دەڵێت:

> *ڕیشەی ئەو بەدییەی لە دڵی مرۆڤدا هەیە لە ناخی خۆیاندا هەیە نەک لای تاووسێ مەلەک.*[79]

واتە دێو بوونی نییە.

***ئێزدی دێوپەرست نین، بەڵام خۆرپەرستی نهێنین***

هەر ئەو ڕاستینە fact یەی دەڵێت ئێزدی بڕوای بە بوونی دێو نییە (وێڕای ڕاستنیەکانی دیکەی لەم پاژ و لە پاژەکانی دیکەشدا باسیان هات) بۆ خۆی گرینگە بۆ ڕەشکردنەوەی تۆمەتی دێوپەرستی لە ئێزدایەتی. لە تەک ئەوەشدا پێم وایە سوودبەخشە گەر لە کۆتای ئەم تۆژینەوەیەدا بڵێمەوە دێوپەرستی دوو بنەمای هەیە:

1. پەنابردنە بەر جادوو (سیحر) بۆ وەدەستهێنانی یارمەتیی دێو لەپێناو پێکانی ئامانجی خۆ.

---
[76] SDY, 441.
[77] GRN, 105.
[78] PJI, 92.
[79] DPA, 92.

2. ڕەتکردنەوەی بڕوا بە سزا و تۆڵەی پاش مەرگ.

ئێزدی بە هیچ جۆرێک پەنا بۆ جادوو نابەن و بڕواشیان بە سزا لە ڕێی دۆنایدۆن transmigration ـەوە و بە بەهەشتی پاش مەرگ هەیە. کەواتە بێگومانم لەوەی ئێزدی دێوپەرست - نین.

لە لایەکی دیکەوە ئێزدایەتیی ئەمڕۆ، وەک دینێکی تێکبەستەی باتینی و میترایی (بەدەر لە دێوپەرستییەکەی)، دەشێت بە «خۆرپەرستی نهێنی» ناوزەد بکرێن.

«...»